بەناوی خودای میهرەبان

# سالی نوێی خوێندنتان پیرۆزبێت

٢٠٢٣-٢٠٢٤

میژووی ئەدەبی کوردی

# زانکۆی سەلاحەدین

# کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

# بەشی زمانی کوردی

# قۆناغی یەکەم

# کۆرسی یەکەم

# ٢٠٢٣ـ٢٠٢٤

د.ئومێد عزیز مستەفا

دکتۆرا لە ئەدەب

ژمارەی مۆبایل:

٠٧٥٠٢٤٢٥٤٠٥

Umed.mstafa@su.edu.krd

کۆرس بووك

# **بابەتی مێژووی ئەدەبی کوردی**

١ـ میژووی ئەدەب

٢ـ سوودەکانی مێژووی ئەدەب

٣ـئەدەب چییە ؟

٤ـ سەرەتاکانی ئەدەب

أـپێش مێژوو

ـ تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغە

ب- پاش مێژوو: ١-ئەدەبی ئەرکیۆلۆجی:أ-سۆمەری ب-میسری

**٢- ئەدەبی تۆمارکراو:** أ_ کتێبەئاییینیەکان(ئاسمانی ونائاسمانی)

**ب- ئەدەبی سەربەخۆ:** (ئەدەبی گریکی،لاتینی، هیندی، چینی، عەرەبی، فارسی، تورکی و کوردی و...).

**سەرەتاکانی مێژووی ئەدەبی کوردی:**

**ئەدەبی نەنووسراو(زارەکی)فۆلکلۆر- میللی.**

**٢-ئەدەبی نووسراو:(پەخشان و شیعر)**

**-شیعری کلاسیکی کوردی (ڕووخسارو ناوەڕۆك):( لور، گۆران،کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو).**

## سەرچاوەکان

١-مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار، بەرگی یەکەم-حەوتەم.

٢-مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی.

٣-شیعروئەدەبی کوردی، رەفیق حیلمی.

٤-مێژووی بەیهەقی(تأریخ بهقی)، محمد حوسینی.

٥-تاریخ ادبیات کردی، عزەدین مستەفا رەسول.

٦- تاریخ ادبیات فارسی،بدیع الزمان.

٧-تاریخ سلیمانی، محمد امین زەکی.

٨-قصه الادب فی العالم، ئەحمەد ئەمین و نەجیب محمود.

٩-الادب الشعبى،احمدرشدى صالح،القاهره،١٩٧١م.

١٠-اشكال التعبير فى الادب الشعبى،نبيله ابراهيم، دار نهضة مصرللطبع و النشر، القاهرة.

١١-الفولكلور، قضاياه وتأريخ، يورى سوكولوف،ت:حلمى شعراوى و عبدالحميد حواس، مصر،١٩٧١م.

١٢-قاموس مصطلحات الأثنولوجياو الفولكلور

١٣-الواقعية في الدب الكردى، عزالدين مصطفى رسول،بيروت،١٩٦٦.

١٤- فولكلور و تاريخ كرد، اسماعيل شمس، كتابانه تخصص ادبيات، قم، ايران، ١٣٩٣.

١٥-مشاهير الكرد وكردستان، محمد امين زەكی بەگ.

١٦-عشائر العراق الكرديه، عباس عزاوی.

١٧-ديوانی شاعيرانی كلاسيكی كوردی(باباتاهير، مەولەوی، مەلای جزيری، ئەحمەدی خانی، نالی، سالم، كوردی).

١٨-گۆڤارە كوردیەكان(گلاوێژ، هاوار، دەنگی گێتی تازە، دياری كوردستان و ...)

١٩-رۆڤار،يەكەمين چراوگی شيعری كوردی،مارف خەزنەدار

٢٠-رۆژنامەكوردیەكان بەگشتی.(رۆژی نوێ، برايەتی، كوردستانی نوێ،كوردستان وهەولێرو...)

٢١- كۆيەو شاعيران،كريم شارەزا.

٢٢- كۆمەڵەی شاعيرانی كورد،عبدالكريم مكزی.

## مێژووی ئەدەب

کە وترا مێژووی ئەدەب، مەبەست عیلم و زانینێکە کە باس لە چۆنیەتی لۆغەت و زمان و شتی جوان و ئەو شیعر و نووسینە نەخشینانە ئەکا کە ڕۆڵەی ئەو زمانە لە لاپەڕەی مێژوودا بۆ پاش خۆی هێشتووەتەوە و باسی ئەو بەرزی و نزمییانەی ئەکا کە کارەساتی دەوران بەسەریا هێناوە. وەکوو ئەمە ئەگرێتەوە، ئەوەش ئەگرێتەوە کە دوان و قسەکردنە لە ئەحواڵی هەڵکەوتوانی ئاشنایانی قەڵەم و شیعر و زمان و هەڵسەنگاندنی دانراو و بیروباوەڕەکانیان لەگەڵ کارکردنی هەندێکیانا لە باری فیکر و پیشەدا. جا مێژووی ئەدەب ئابەم مەعنایە شتێکی تازەیە و «ئیتالیایی»یەکان لە سەدەی هەژدەهەمی میلادیدا ئەم ناوەیان بۆ دانا، کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا خۆیان لێك هەڵسوو و ئەم ناوەش کەوتە ناوەوە.

هەریەك لەم تاریفانە کە پیاو سەیری ئەکا، لەوانەیە مانعایەکی تایبەتی بێ بۆ مێژووی ئەدەب. ئەگینە بە جۆرێکی تێکڕایی تاریفی مێژووی ئەدەب: زنجیرە باسکردنێکە کە لەگەڵ زەمان و زمانا هاتبێت، باسی ئەو شتانە بکا کە لە کتێبەکانا نووسراونەتەوە، لەسەر بەردەکان هەڵکەنراون، لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکانا خراونەتە بەرچاو. ـکە دیارە ئەمانە تەعبیر لە عاتیفە و لە فیکر ئەدەنەوەـ وەیا عیلم و هونەرێك بە پیاو نیشان ئەدەن، وەیا پەرێزەجاڕی کارەساتێکن. هەروەها هەر لە ژێر ئەم مانعایەدا ئەوەشی تێدایە کە باس لە زانا و حەکیم و کتێب دانەرەکانیش بکا و ڕێگە و پایەی هونەر و عیلمەکەیانمان بۆ دەرخا. مەبەست لەمانەش هەموو هەر بۆ ئەوەیە کە پیاو بزانێ لە ڕەوڕەوەی ڕۆژگاری پێشوودا لە چە وەختێکا عیلم، یا پیشە، یا هونەر بەرزی و نزمی بەسەرا هاتووە.

چەند پێناسەیەکی ئەدەب لەڕوانگەی هەندێ لەنووسەروئەدیباندا

زۆرپێناسەی جۆراو جۆرکراوە بۆ ئەدەب، هەڵبەتە ئەم کارە کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی هەرمرۆڤێکی خاوەن بیروهۆش بۆچونێکی تایبەتی خۆی هەیە لەو ڕوانگەیەوە پێناسەی ئەدەبی کردووە، لێرەدا هەندێك لەوپێناسانە دەخەینەڕوو:

علاالدین سجادی دەڵێت:(ئەدەب بریتییە لەو قسە جوانانەی کە لەدوولێوی شاعیر،یان نووسەر دێتە دەرێ خەیاڵی ناسك و سۆزو بیری دەردەخات.).

محمد غنیمی هلال دەڵێت:(هەرچییەك بوترێت لە پێناسە کردنیدا لەم چەمکە دەرناچێت کەدووڕەگەزی بیروهۆشی تێدابێت لەگەڵ قالبە دارێژراوەکە).

رووسەکان دەڵێن:(ئەدەب بریتییە لەهونەری وشە نوسراوبێت یا خود نەنوسراوبێت کە پەیوەندی بە بەرهەمی خولقێنەری سەرزاریەوە هەبێت، کە ئەدەبی میللی و فۆلکلۆر... دەگرێتەوە).

کاکەی فەلاح دەڵێت:(ئەدەب وەکو ئەوروپیەکان پێناسەیان کردووە، بەو بەرهەمە دەڵێن کەبەهۆی تایبەتیەکانی دارشتنەوە هەستی جوانکاری و هەڵچوون و وروژاندنی سۆزمان بجولێنێ.

بەگشتی ئەدەب:(ئەوئاوێنەیەیە کەڕووبەڕووی گەل بەتاك و کۆمەڵەوە ئەوەستێ، چی لەناو ئەو گەلەدا هەبێت بە قالبێکی دارێژراوی ئەدەبی و هونەری دەری دەخات.

سەرەتاکانی ئەدەب و ئەدەبی جیهانی کۆن

لەڕۆژگاری پەیدابوونی مرۆڤەوە تارۆژگاری داهێنانی کەرستەی تۆمارکردن ئەو رۆژگارە گەورەترین جەژنی مەدەنیەتی ئادەمیزاد لە هەموو سوچێکی ژیان دەکریٚ بە دوو بەشەوە:-

١- پێش مێژوو                    2 - پاش مێژوو

١-پێش مێژوو

ئەورۆژگارە دوورو درێژە دەگرێتەوە کەماوەیەکی یەکجار فراوان دەخایەنێت لە مێژووی پەیدابوونی ئادەمیزاد لەسەر ڕووی زەوی ئەمە لەو ڕۆژگارەوە دەست پیٚ دەکا کەمرۆڤ خۆی لەسەر ئەم ئەستێرەیەوە دیووە تا ئەو سەردەمەی کەرستەی تۆمارکردنی بیرو هەستی داهێناوە.

## یەکەم: ئەدەبی پێش مێژوو

پێش مێژوو ئەوڕۆژگارە دوورو درێژەیەکە ماوەیەکی یەکجار فراوان دەخایەنێت لە مێژووی پەیدابوونی ئادەمیزاد لەسەر ڕووی زەوی، ئەمە لەو ڕۆژگارەوە دەست پێدەکات کە ئادەمیزاد خۆی لەسەر ئەم ئەستێرەیە دیووە تا ئەو سەردەمەی کەرستەی تۆمارکردنی بیرو هەستی داهێناوە.

دووەم: ئەدەبی پاش مێژوو

دەتوانیین (ئەدەبی ئەنتیکی یا ئەدەبی جیهانی کۆن)یشی پێ بڵیین. ئەم ئەدەبەیە کەتۆمارکراوە، واتە ئەو داهێنانەی لە پاش پەیدابوونی کەرستەی تۆمارکردن کەوتۆتە ناوەوە تا دەوروبەری بڵاو بوونەوەی ئاینی ئیسلام. ئەم ئەدەبە بەزمان و دیالیکتی جیاوازی نەتەوەکانی ئەوسا پەیدابووە.

دەکرێت بەدوو بەشەوە:

١-ئەدەبی ئەرکیۆلۆجی

٢- ئەدەبی تۆمارکراو

١- ئەدەبی ئەرکیۆلۆجی:

ئەو ئەدەبەیە کە بەرەمزو وێنەو نەقش و دروشم تۆمار کراوە.

وەکو نووسینە هەرە کۆنەکانی سۆمەری و ئێلامی و خەتی بزماری بابلی و ئاشووری و هیرۆگلیفی میسر و دروشمەکانی زمانی چینی و پیتەکانی سانسکریتی و... بێ گومان گەورەترین داهێنانی ئادەمیزاد دۆزینەوەی وێنە(شکل)بوو بۆ تۆمارکردنی شت، ئەمە پێش مێژووی لەپاش مێژوو جیاکردەوە.کۆنترین تۆمار یانووسینی هیرۆگلیفی لە وولاتی سۆمەرەوە ماوەتەوە، ئەم نووسینە بریتییە لە وێنە،وەکو وێنەی باڵندە مانای باڵندە دەگەیەنێ و...ئەم کردەوەیەش لەڕێگەی گڵی برژاو پارێزراوە.

## ١- ئەدەبی سۆمەری:

- **ئەو ئەدەبەیە کە لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانیدا بە ئەدەبێکی خاوەن گەنجینەیەکی پڕ لەزانیاری و چیرۆک و داستانی لێ هاتوو دادەنرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنهایەکێ لە شاکارە بەناوبانگەکانی ئەم ئەدەبە دێرینەکە بەناوی ئیپۆسی گلگامێشە وەردەگرین.**
- **ئیپۆسی گلگامێش:**
- **یەکێکە لەو بەرهەمە ئەدەبیاتە گرنگانەی ئادەمیزادی کۆن کە پێش دووهەزار و پێنج سەد ساڵ پێش میلاد، لە سەرەتاتە بەردێک دۆزراوەتەوە، ئەم ئیپۆسە لە چەند خاڵێکدا دەتوانین دەست نیشانی بکەین:**

١-گلگامێش ئیپۆسێکی لیریکیە(گۆرانی)یە لەهەمان کاتدا چیرۆکێکی شیعریە لەگرێیەکی ژیانی ئادەمیزاد دەدوێت، پەندی دانایی خەڵک پشتاوپشت دەگێرێتەوە لەناو ئیپۆسەکەدا.

٢-گرنگترین کەسایەتی لەناو ئەم داستانەدا قارەمانەکەیەتی کە بەناوی گلگامش کەیەکێک بووە لە پیاوە بەهێزو بەتواناکانی وڵاتی سۆمەری لەگەڵ هاورێکەی(ئەنکیدۆ)باس دەکات.

٣-لەنەینەوا لەنامەخانەی (ئاشورپانی پاڵ)ساڵی(٦٦٨-٦٢٧)پ.م. ئەم داستانە دۆزراوەتەوە.٤-تێکستی گلگامێش بریتییە لە(١٢) پارچە هەر پارچەیەکی(٣٠٠)دێڕەشیعرە، کە لەسەر تاتە بەردێک تۆمارکراوە.

٥-كرۆكی باسی ئەم داستانە کە قارەمانی داستانەکە،کە گلگامش بوو دەگەڕێ بەدوای نەمری و نایەوێت وەکو ئادەمیزادێکی ئاسایی دووچاری مردن ببێ لەبەرئەوە دەگەڕێت بۆ گەیشتن بۆ نهێنیەکانی فەوتان و لەناوچوون.

**<u>بەکورتی:</u>**

**ئەم داستانە یان چیرۆکە چیرۆکێکی خەیاڵ ئامێزو توانایەکی بەهێزی گلگامش نیشان دەدات، لەگەڵ برادەرەکەی(ئەنکیدۆ)و بۆ زاڵبوون لەسەرنەمان وەبەردەوامی لەژیان، دوای مردنی هاورێکەی گلگامش زیاتر دەگەڕێ بۆ هەمیشەیی لەژیان، لێرەدا چاوی بەڕووەکی نەمری دەکەوێت، کە دوای گەڕانێکی زۆر دەی دۆزێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی ڕووەکە بباتەوە بۆماڵێ و بیخوات لەسەر ئاوێکی دادەنێت بۆئەوەی بیشواتەوە، مارێک دێت و ڕووەکە دەخوات، ئەمە ئەوەمان نیشان دەدات کە بیرۆکەی ئیپۆسەکەش لەوەدایە، کە مرۆڤ چەند بەتوانابێ و بەردەوام بێت لەکۆکردنەوەی هێز و بەهێزبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەژیان لەکۆتاییدا نەمری و سەرکەوتن تەنها بۆ خواوەندە نەک بۆ مرۆڤ.**

## ٢–ئەدەبی میسری کۆن:

- ئەدەبی میسری پاش ئەدەبی سۆمەری کۆن دێت. واتە پاش ئەدەبی سۆمەری لەکۆن و دێرینی ئەدەبی میسرییەکە بەزمانی(قیبتی)یە و ناوەڕۆکی(فیرعەونی)یە و یەکێکە لەئەدەبە دەوڵەمەندەکانی جیهانی کۆن، کۆنترین تێکستی شیعری ئەدەبی میسری کۆن سەردەمی هۆنینەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ(٢٢٠٠)ساڵ پ.م. خاوەنی ئەم پارچە شیعرەکۆنە ئەوە دەردەبڕێت، کە لەسەر ئادەمیزاد پێویستە لەژیان خۆش بژیت و ئەوەی لەسەر رووی زەمین باشە لەگەڵ خۆی بگونجێنێت.

هەروەها یەکێ لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەدەبی میسری کۆن کە ناوی لە مێژوودا تۆمارکراوە،بەناوی( ئەمنحوتبی چوارەم ) کە بە (ئخناتوون) ناسرابوو شیعرەکانی زیاتر پیاهەڵدان بووە بەسەر خوداوەندەکاندا،خودا لەلای بەشێکی هەرەگرنگی نووسینی شیعرەکانی بووە، جگە لەم شاعیرانە دەتوانیین بڵێین کتێبی(مردوان)کەبریتی بووە لە تەلیسم و نیشانەو رەمزو جادوگەری ئاینی لەگۆڕی هەندێ لەپیاوە ئاینیەکانی فیرعەونیەکان دۆزرایەوە.

## ئەدەبی تۆمارکراو یان نوسراو

ئەم ئەدەبە ئەدەبێکی کۆنی بەرزە پێش هەزارساڵ بەلای کەمەوە لەپێش لەدایك بوون تۆمارکراوە، کە بریتییە لە ئەلیف و بێ یەکی رێك و پێکی ئارامی، عبری، گریکی، لاتینی،ئاڤێستایی و سانسکریتی و...).ئەم ئەدەبە بۆ دووسەرچاوەی سەرەکی جیاوازلەیەکتری دابەش بووە،کە ئەمانەن:

### ١-ئەدەبی هونەری سەربەخۆ:

دەتوانیین بڵێین ئەوجموجۆڵەی ئادەمیزاد دەگرێتەوە، لە ڕووی هونەریەوە،لەڕووی جوگرافیەوە خاکەکانی باکوری زەریای ناوەراست و هیندستان و چینی کۆن لەخۆدەگرێت، کە ئەدەبێکی گەورەو زۆر کاریگەریان هەبووە،لەسەر هەموو ئەو ئەدەبە تازانەی کە لەئەنجامی دروست بوونی نەتەوەکانی سەر ڕووی زەمینی ئەمڕۆ پەیدابوونە بۆنموونە:

## ا- ئەدەبی گریگی:

ئەم ئەدەبە بەرزترین و کاریگەرترین نموونەی ئەدەبی هونەری و تاقیکردنەوەی گریکەکان و رۆمانەکان بووە، دەتوانیین بڵێین ئەو ئەدەبە نەك هەر تەنیا بوو بە دایکی ئەدەبی نەتەوەکانی ئەوروپا، کە لەسەدەکانی ناوەڕاست پەیدابوون لەپاش خەملاندنی زمانە نەتەوەییەکانیان، بەڵکو کارێکی گەورەی کردە سەر نەتەوەکانی هەموو جیهان. گەورەترین شاکاری بەرهەمی گریکی کە بە یەکەمین بەرهەمی ئەو ئەدەبە دادەنرێت(ئیپۆسی ئیلیادە و ئۆدیسا)یە.

ئیپۆسی ئیلیاده بەچەند خاڵێك دەخەینەڕوو:

١-ئەو ئیپۆسە لەساڵی ٨٥٠پ.م. لەلایەن هۆمیرۆسەوە دانراوەوكۆكراوەتەوە.

٢-ئەم ئیپۆسە بریتییە لە(٢٤)سرود و (١٦)هەزار دێڕە شیعر.

٣- كرۆكی ئیپۆسەكە زۆربەی زۆری ڕووداوەكانی باس لەجەنگی تەروادە دەكات كە لەنێوان گریك و تەروادەییەكان ڕوویداوە.

بێجگە لە اليادە، ئۆدێسا بەرهەمێکی تری بەرزی هۆمیرۆسەکە لەسەرەتای سەدەی(٧)پ.م. بووە ئیپۆسەکە کە بریتیی بووە لە(٢٤) سرود، بەڵام هەر سرودێکی بریتییە(٣٣٠-٦٠٠)دێڕە شیعرە و سۆزی مرۆڤایەتی قارەمانەکانی ئۆدیسا دەبزوێنێ و بەزمانێکی بەرز نووسراوەو ڕەنگدانەوەی پێشکەوتن و شارستانیەتی ئەوکاتە پیشان دەدات.

## ب–ئەدەبی لاتینی یان ڕۆمانی:

لەگەڵ کزبوونی ئەدەبی گریکی ئەدەبی لاتینی کەوتە پەرەسەندن و بوو بە بەردەوامی ئەدەبی گریکی، کۆنترین شیعری رۆمانی کەبەزمانی لاتینی نوسراوەتەوە دەگەرێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی دووەمی پ.م. ئەم ئەدەبە ئەدەبێکی زۆر دەوڵەمەند بوو، لەشیعرو پەخشانی هونەری کە شوێنی خۆی لەئەدەبیاتدا گرتبووەوە، ئەوەی شایانی باسە زۆری نووسینەکانی ئەدەبیاتی رۆمانی دەربارەی نوسینی مێژوو و ژیانی مێژوو نووسەکان بووە.کۆنترین شاعیری لاتین (ئینیوس)ە،لە ١٦٩پ.ع. دیارترین کاری بەناوی (ساڵنامە)یە،کە رۆمایە. هەروەها (تیرینتیوس) لە ١٩٠– ١٥٩پ.ع. لە قرتاجە ژیاوە، لە وەسفی خوڕەوشتی مرۆڤ سەرکەوتووبووە.

## ج– ئەدەبی هیندی:

ئەم ئەدەبە وەکو ئەدەبەکانی پێش خۆی خاوەن مێژوویەکی زۆر کۆنە وەهەر ڕووداوێکی کە پەیوەندی بە ئاینەوە هەبوو لە ئامێزی خۆی گرتبوو، مێژووەکەی بۆ دووهەزار ساڵ پ.م. دەگەرێتەوە،هەموو ئەدەبەکە بەزمانی سانسکریتی نووسراوەتەوە، بەڵام زۆربەی زۆری ئەوبەرهەمە فەوتاوەو لەناو چووەو ئەوەی ماوەتەوە دوو ئیپۆسی بەناوبانگی گەورەیە بەناوی (مەهابهاراتا لەگەڵ ڕامایانا)ی ڤالمیکی دوو نموونەی ئەم ئەدەبەن.

- **د–ئەدەبی چینی:**
- **نووسینی چینی لەسەدەی چوارەمی پ.م. پەیدابووەو پەرەی سەندووە، ئەدەب لەلای چینیەکان شتێکی پیرۆزەو شاعیر لەلایان پایەیەکی زۆر گەورەی هەیە، چونکە لەو باوەڕەدان کەشاعیر ئادەمیزادێکی دانایەو وەلەلایەن گرتکارەوە نێردراوە بۆ ئەوەی ببێتە پەیوەند لەنێوان ئاسمان و زەوی، لەئەدەبی چینیدا شاعیرو فەیلەسوفی گەورەی تیادا دەرکەوتووە، لەوانە (کۆنفۆشیۆس) کە یەکێکە لە فەیلەسوفە هەرە گەورەو بەناوبانگەکانی ئەدەبی چینی کە خاوەن ئاینێکی فەلسەفی ئەدەبیەو بیروباوەڕی تایبەتی خۆی هەیە**

دەربارەی ئادەمیزاد و بەرزی کۆمەڵ جگە لەوە هەموو ووتەکانی بریتییە لە قسەی نستەق و ئامۆژگاری کەهەمووی بۆ خزمەتی مرۆڤ و کۆمەڵ هاتۆتەکایەوە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە نەتەوەکانی چینی گەورە دەورێکی باش و ڕۆڵێکی بڵاو دیاریان بووە لە داهێنانی ئەدەبی جیهانی کۆن، خزمەتێکی گەورەی ڕۆشنبیریی و کلتوری مرۆڤایەتیان کردووە، کەتا ئێستاش لەناو کۆمەڵانی سەر ڕووی زەوی یادی چینیەکان بە پەند و قسەی ڕێک و ئەزموونی دیار دەکرێتەوە و دێتەوە یاد.

## ئەدەبی تۆمارکراو یان نوسراو

ئەم ئەدەبە ئەدەبێکی کۆنی بەرزە پێش هەزارساڵ بەلای کەمەوە لەپێش لەدایك بوون تۆمارکراوە، کە بریتییە لە ئەلیف و بێ یەکی رێك و پێکی ئارامی، عبری، گریکی، لاتینی،ئاڤێستایی و سانسکریتی و...).ئەم ئەدەبە بۆ دووسەرچاوەی سەرەکی جیاوازلەیەکتری دابەش بووە،کە ئەمانەن:

### ١-ئەدەبی هونەری لە کتێبە ئاینیەکاندا

مەبەستمان لەکتێبە ئایینیەکان ئەو کۆمەڵە کتێبەیە کە (ئاسمانی و نائاسمانییەکانن)،هیچیان لەئەدەبی هونەری بەدەرنین و کۆمەڵێك بابەت و جۆری ئەدەبی تیادایە،لەوانە کتێبە ئاسمانییەکان، ئەگەر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین، ئەوە هەر زوو درك بەبوونی پەخشان و هەندێك هونەری پەخشان دەکەین، کە پەروەردگار بۆمانی گێراوەتەوە لەرێگەی وەحی بۆ پێغەمبەری ئیسلام(د.خ)ی لێبێت،لەچەند بابەتی جۆراوجۆردا. هەروەها کتێبە نائاسمانیەکانی وەکو ئاڤێستاڵە(٧پ.م) تاکو (٥٥٠پ.م) سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی میدیا و کۆتایی دەوڵەتی هەخامەنشی،کە وەکوبەڵگەیەکیش سەیر دەکرێت بۆ سەرەتای نووسینی زمانی کوردی،کە پێیان وایە (ئاڤێستا) یەکەم کتێبە،کە بە شێوەی کۆنی کوردی نووسراوەتەوە و ژمارەی پیتەکانی (٦٠) پیتە، بریتییە لە سروود(گاتا)ی ئایینی زەردەشتی، کە لەلایەن زەردەشت خۆیەوە گوتراوە و بریتییە لە (٢١) سروودی ئایینی. واتە ئەم کتێبە نائاسمانییە بەشیعر نووسراوەتەوە، یان کتابی مسحەفی رەش کە سەرەتاکەی بەشعر دەست پێدەکات و ئەویتریش بە پەخشان نووسراوە. ئەوەی مەبەستە ئەوەیە کە کتێبە ئاینیەکان بە کۆن و نوێوە، بەئاسمانی نائاسمانییەوە، ئەدەبی هونەرییان تیادایەو لەشێوازی ئەدەبی بەدوورنین و بە شێوەیەکی بەرچاو دەتوانرێت باسیان لێوەبکرێت. ئەگەرچی لەبنەرەتدا بەمەبەستی ئایینی هاتوونەتە خوارێ، یان نووسراونەتەوە، بەڵام کاریگەریەکی گەورەیان کردۆتە سەر ئەدەب و ئەو زمانانەی کە کتێبە ئاینیەکانیان پێ نووسراوەتەوە.

## سەرەتاكانی ئەدەبی كوردی

ئەدەبی جیهانی درەختێكی یەكجار گەورەیەو پەلی هاویشتووە بۆ هەموولایەكو لەهەمان كاتدا لق و پۆپی كۆن و تازەش تێكەڵ بەیەكتری بووە.بێگومان لەئەدەبی كوردی وەكو داهێنانێكی نەتەوەیی یەكێكە لە لقەهەرە گرنگەكانی ئەم درەختە هەر لەدێر زەمانەوە تا ئەمرۆ. مێژووی ئەدەبی كوردی بریتییە لە (مێژووی وشە و قسەی جوانی كوردی) ئەو وشانە بەشێكن لە كلتوری شارستانیەت و مەدەنیەتی نەتەوایەتی، كە بەهۆی ئەوانەوە دروست دەكرێت. لەدێر زەمانەوە لەسەر خاكی كوردستان مرۆڤی كۆن ژیاوە. هەروەها بەپێی كتابە ئاسمانیەكانیش بێت، بەتایبەتی قورئانی پیرۆز دەبینین كوردستان بۆتە سەرەتای لانكەی ژیانی ئادەمیزاد، دوای لەنگەرگرتنەوەی كەشتیەكەی حەزرەتی (نوح) لەسەرچیای جودی پاش كۆتایی هاتنی لافاو یان تۆفانەكەی حەزرەتی( نوح) كە خودای گەورە لەقورئاندا بۆمان دەگێڕێتەوە.

ئیپۆسی الیادە بەچەند خاڵێك دەخەینەڕوو:
١-ئەو ئیپۆسە لەساڵی ١٩٥٠پ.م. لەلایەن هۆمیرۆسەوە دانراوەوكۆكراوەتەوە.
٢-ئەم ئیپۆسە بریتییە لە(٢٤)سرود و (١٦)هەزار دێڕە شیعر.
٣- كرۆكی ئیپۆسەكە زۆربەی زۆری ڕووداوەكانی باس لەجەنگی تەروادە دەكات كە لەنێوان گریك و تەروادەییەكان ڕوویداوە.

بێجگە لە الیادە، ئۆدێسا بەرهەمێكی تری بەرزی هۆمیرۆسەكە لەسەرەتای سەدەی(٧)پ.م. بووە ئیپۆسەكە كە بریتیی بووە لە(٢٤) سرود، بەڵام هەر سرودێكی بریتییە(٣٣٠-٦٠٠)دێڕە شیعرە و سۆزی مرۆڤایەتی قارەمانەكانی ئۆدیسا دەبزوێنێ و بەزمانێكی بەرز نووسراوەو ڕەنگدانەوەی پێشكەوتن و شارستانیەتی ئەوكاتە پیشان دەدات.

- **ب–ئەدەبی لاتینی یان ڕۆمانی:**
- لەگەڵ کزبوونی ئەدەبی گریکی ئەدەبی لاتینی کەوتە پەرەسەندن و بوو بە بەردەوامی ئەدەبی گریکی، کۆنترین شیعری رۆمانی کەبەزمانی لاتینی نوسراوەتەوە دەگەرێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی دووەمی پ.م. ئەم ئەدەبە ئەدەبێکی زۆر دەوڵەمەند بوو، لەشیعرو پەخشانی هونەری کە شوێنی خۆی لەئەدەبیاتدا گرتبوەوە، ئەوەی شایانی باسە زۆری نووسینەکانی ئەدەبیاتی رۆمانی دەربارەی نوسینی مێژوو و ژیانی مێژوو نووسەکان بووە.
- **ج– ئەدەبی هیندی:**
- ئەم ئەدەبە وەکو ئەدەبەکانی پێش خۆی خاوەن مێژوویەکی زۆر کۆنە وەهەر رووداوێکی کە پەیوەندی بە ئاینەوە هەبوو لە ئامێزی خۆی گرتبوو، مێژووەکەی بۆ دووهەزار ساڵ پ.م. دەگەرێتەوە،هەموو ئەدەبەکە بەزمانی سانسکریتی نووسراوەتەوە، بەڵام زۆربەی زۆری ئەوبەرهەمە فەوتاوەو لەناو چووەو ئەوەی ماوەتەوە دوو ئیپۆسی بەناوبانگی گەورەیە بەناوی (مەهابهاراتا لەگەڵ رامایانا) دوو نموونەی ئەم ئەدەبەن.

دیارەکە چیای جودی زنجیرەیەکە لە زنجیرەکانی چیای زاگرۆس لەکوردستان، بۆیە دەتوانیین بڵێین سەرەتای شارستانیەتی مرۆڤ بۆجاری دووەمیش هەر لەکوردستانەوە دەستی پێکردووە و ژیانەوە لەسەر خاکی کوردستان بووە،بێجگە لەمەش لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە کە مرۆڤەکان لە چەند هۆز و قەبیلەی جیاجیا دروست کراون،کەواتە هەرنەتەوەو قەومێك ناوچەو شوێنی تایبەت بەخۆی هەبووە و کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکە،خاوەنی شوێن و جێگە و ناوچەی خۆی بووە،هەروەها لەگەڵ دروست بوونی نەتەوە زمانێکی تازەش دروست بووە بۆ ماوەیەکی درێژ، لەو کاتەی ئەو زمانە دروست بووە یەك ئەدەب هەبووە، ئەم ئەدەبەش هێزی لەسامانی کۆن وەرگرتووە، کەواتە دەتوانیین مێژووی ئەدەبی کوردی لەو رۆژەوە دیاری بکەین کە بەرهەم بەم زمانە تازەیە پەیدابووەو تۆمارکراوە. لەهەمان کاتدا دەڵێین ئەدەبی کوردی بەتایبەتی ئەدەبی میللی وەکو سامانی نەتەوایەتی دیارە لە باوباپیرانی کوردەوە هەر لەکۆنەوە دەماودەم ماوەتەوە. واتە لەکۆنەوە یەك ئەدەب هەبووە ئەویش ئەدەبی باوباپیرانی کوردی ئێستابووە، واتە ئەو نەتەوەو هۆزو میللەت و کۆمەڵانەی کە لەسەر خاکی کوردستانی ئێستا ژیاون دەگرێتەوە،کەواتە دەتوانیین بڵێین سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی بۆ دووبەش دابەش دەبێت،کە ئەمانەن:

١-ئەدەبی نەنووسراو:

ئەم ئەدەبە ئەدەبی سەر زارەکی و میللیشی پێ دەگوترێت، کە دەماودەم گێڕدراوەتەوە، لە باوانەوە بۆ ڕۆڵە و کوڕو نەوەکانی. بەم شێوەیە دەماودەمی کردووە و ئەدەبەکە لەکۆڕ و کۆبوونەوەکان و دانیشتنی شەوانەی بەرئاگردان و بۆنەو ئاهەنگەکان وتراوە و بڵاوبۆتەوە. ئەم ئەدەبە لەو ڕۆژەوەی ئادەمیزاد هەستی بەجوانی خۆیی و ژیان و سروشت کردووە، تا ئەوکاتەی نوسین پەیدابووە و تۆمارکراوە. ئەم ئەدەبە کۆنە زۆرجار بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەدەبی نووسراو، هەروەکو شاکارە بەرزەکەی (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی). ئەدەبی میللی نەتەوە کۆنەکانی هیندۆ ئەوروپی وە هیندۆ ئێرانی لە ئەفسانەو داستان و حیکایەت و گۆرانی ماوەیەکی زۆر جەوهەری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بوون،ئەدەبی کوردی لەگەڵ ئەم جەوهەرە کۆنانە تێکەڵ یەکتری بوونەو لەناویەکتریدا تواونەتەوە.

## ٢- ئەدەبی نووسراو:

ئەو ئەدەبە کلاسیکیە بەرزە دەگرێتەوە کە لە دەوروبەری ئاینی ئیسلام دەست پێ دەکات، لەو ڕۆژگارانەی کە زۆربەی خەڵکی کورد چونە ناو ئاینی ئیسلام. ئەگەر باس لەپەیدابوونی ئەدەبی کوردی بکەین و بڵێین چۆن ئەم ئەدەبە پەیدابووە، لەوەڵامدا دەڵێین بوونی تێکستی باوەڕپێکراوی شیعر بەزمانی کوردی سەرەتاو سەردەمی شیعری کوردیمان بۆ دیاری دەکات، واتە کە باس لە مێژووی ئەدەبی کوردی بکەین واتە باس لەپەیدا بوونی تێکست دەکەین،بوونی تێکستی باوەڕپێکراوی ڕاستەقینە نیشانەی لەدایك بوونی مێژووی ئەدەبە لەسەردەم و قۆناغی تایبەت کە هەر یەکێك لەو قۆناغانە مۆرکی تایبەت و ناو و ژیانی ئەو مرۆڤەی کە ئەم تێکستەی نووسیوەتەوەو پێیەوە دیاربێت. لە ئەدەبی نوسراودا دەبێت بزانیین بە کام ئەلیف و بێ و کام زمان نووسراوە، لە کام سەردەمە دۆزراوەتەوە لەدوای ئەمانە دەبێ ساغ کردنەوەیەکی باشی ئەم تێکستە لەڕووی ڕوخساروو ناوەڕۆکەوە بکرێت، تاکو بزاندرێت بۆ کام سەردەم دەگەڕێتەوە. ئەدەبی کوردی بە دیالێکتە جیاوازیەکانیەوە پەیدابووە و دەبێت سەرەتایەکمان هەبێت، بۆ هەموو ئەدەبی کوردی بەگشتی، بەڵام دیاریشە ئەدەبی هەردیالێکتێك سەرەتایەکی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە بەگشتی دەتوانیین ئەدەبی کوردی لەچوارچێوەی هەرچوار دیالێکت یان شێوەزار باس بکەین، کە کۆنترین تێکست بەکام شێوەزار نووسراوە ئەو دیالێکتە وەکو سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی ئەدەبی نووسراوی کوردی بخەینەڕوو. لێرەدا نابێت ئەوە لەیاد بکەین، کە چەند بیرو بۆچوونێکی جیاواز لە یەکتری لەئارادا هەن دەربارەی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی نووسراو، بەپێویستیان دەزانیین کە باسیان لێوە بکەین و بریتیین لەمانەی خوارەوە:

یەکەم:

هەندێك لەتوێژەران هەوڵیان داوە، سەرەتای زمان و ئەدەبی کوردی بە(ئاڤێستا)ی(زەردەشت) بگەیەنن، کە ئەم ئایینە پێش ئیسلام میللەتی کورد باوەڕیان پێی هێناوەو پێڕەویان کردووە، بەڵام ئەم بیرو بۆچوونە تاکو ئێستا یەکلایی نەبۆتەوە و پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە.

دووەم:

دەربارەی سەرەتای ئەدەبی کوردی نوسراو(ئەنوەرمائی) باسی ئەوە دەکات، کە رۆژهەڵات ناسانی بەناوبانگ (فیلکامینۆف) بەردەنووسێکی لەئێران دۆزیوەتەوە و دوو دێڕ شیعری شاعیرێکی لەسەرە بەناوی(پۆڕاپۆر)کە ساڵی(٣٣٠ پ.م) ژیاوە.

سێیەم:

حوسێن حوزنی موکریانی لەساڵی ١٩٢٠ لە زاری کرمانجی دا شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە کە باسی تێکچوونی شارەزوور دەکات، بەهۆی هێرشی عەرەبە موسڵمانەکانەوە،شیعرەکە بەناونیشانی (ئاتران کوژان)ە،کە گوایە شاعیرێکی کورد لە سەردەمی خەلیفەکانی ئیسلام لە سەدەی (٧)ی کۆچی دا نوسیویەتی لەشیعرەکەدا باسی رزگارکردنی کوردستان دەکات لەلایەن عەرەبە موسڵمانەکان، بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام کەچۆن هاتن ناوچەکانیان رزگار کردو مەزارو شوێنە ئایینیەکانیان تێکدا و ناوچەکە بەتەواوی پاککرایەوەو کەوتە ژێر فەرمان ڕەوایی خەلافەتی ئیسلام و خەڵکەکە موسڵمان بوون.

پارچەیەك لە شیعرەکە بەنموونە وەردەگرین کە بریتییە لەم چەند دێرەی خوارەوە بەناونیشانی (ئاتران کوژان) :

**هرمزگان رمان ئاتران کوژان  وێشان شاردەوە گەورەی گەورەکان**

**زۆرکاری ئارەب کردنە خاپور        گنای پاڵەها هەتا شارەزوور**

**شنوکە نیکان وەدیل بشینا             مێرد ئازاتلی وەرووی هونیا**

**رەوشت زەردەشتی مانەوەی کەس   پزیکا نیکا هورمز و هیچ کەس**

کاتێك مامۆستا تۆفیق وەهبی دەربارەی نوسین و چۆنیەتی دەست کەوتنی ئەم شیعرە لە (حوسێن حوزنی موکریانی) پرسی ئەویش لەوەڵامدا گووتی:(ئەم شیعرە لەسەر پێستی مەڕ نووسراوە، لە هەگبەی دەروێشێکدا دۆزراوەتەوە،ئەمەش بیرو بۆچوونی سعید خانی کوردستانییە).

چوارەم:

**بیرو بۆچونێکی دیکە هەیە دەڵێت: لەسەدەی دەیەمی(١٠.ع)یدا شاعیرێك هەبووە بەناوی (علی تەرەمۆکی)،کە شیعرەکانی لە شیعری شاعیری فەرەنسی ناودار(رۆنسار) دەچوو؛ ئەمەش بیرو بۆچوونی (کامەران بەدرخان و لوسی پۆل مارگرێتە)، کە لەشێوەی کتێبێکدا بەزمانێ نووسراوە لەلایەن مامۆستا(تۆفیق وەهبی)یەوە بەناوی (دراسة فی الادب الکردی) لە ساڵی ١٩٦٩ بەزمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.**

**پێنجەم**

**(رشید یاسمی) دەڵێت:( پیری شالیار هەبووو کە پەند و ئامۆژگارییە ئایینیەکانی خۆی بەشیعر هۆنیوەتەوە و بەدیالێکتی هەورامیە، گوایە رشید یاسەمی ئەم شیعرانەی لە دەم و زاری پیرە ژنەکانی هەورامان بیستووەو لێیانی وەرگرتووە.**

## شەشەم

(صدیق بۆرەکەیی) لەنوسینێکدا لە شاعیرە کوردەکانی دوای ئیسلام ناوی زۆریانی هێناوە،وەنموونەی شیعریانی نوسیووە، بەڵام بۆهیچ یەکێکیان بەڵگەی زانستی نەهێناوەتەوە.

## حەوتەم:

عزەدین مستەفا رەسوڵ، باسی(خەلیل وەندی) دەکات، کە لەساڵی(٢٠ ك.)مردووە لە مەندەلی نێژراوە، هیچ بەرهەمێکی شیعری نەماوە. بەمەش بۆمان دەدەکەوێت، کە ئەم بیرو بۆچونانە هیچیان ناکرێت بەسەرچاوەی باوەڕپێکراوی مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی نوسراو، لەبەرئەوەی بریتین لەبیرو بۆچوونێك کە پشتی بەبەڵگەی زانستی نەبەستووە، هەر بیرو بۆچونێکیش ئەگەر بەڵگەی زانستی لەگەڵدا نەبوو، دەچێتە خانەی بیرو بۆچوونی کەسی، لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان تێکستی ئەدەبیان لەگەڵدایە.

بەڵام بەزمانێك نوسراون كە هیچ جیاوازیەكیان لەگەڵ زمانی ئەمرۆدانییە،ئەمەش ئەم پرسیارە هەڵدەگرێت ئایا چۆن دەبێ زمانێك پاش ئەم هەموو ماوە دوور و درێژە هیچ گۆڕانێكی بەسەردانەهاتبێت. بەمەش بۆمان روون دەبێتەوە كە بیرو بۆچوونی ئەم بەرێزانە لە هەست و سۆزی نیشتیمان پەروەریەوە سەریان هەڵداوە، ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەكی زانستی وە بەپشت بەستن بەدەقی ئەدەبی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی كوردی نوسراو دەست نیشان بكەین،ئەوە دەبێت سەرەتا بەدیالێكتی (لوڕ)و شیعرەكانی بابەتاهیری هەمەدانی دەست پێ بكەین، چونكە كۆنترین شاعیری كوردە كەتا ئێستا بەرهەمێكی زۆری بۆ بەجێ هێشتبێتین و بووبێتە سەرەتایەك

- بۆ دەست پێکردنی ئەدەبی نوسراوی کوردیی، کە یەکێکە لەشاعیرانی نیوەی دووەمی سەدەی دەیەم و سەرەتای سەدەی یانزەیەم. دوای ئەویش بەدیالێکتی(گۆران)و شاعیری دێرینی ئەم دیالێکتە مەلاپەرێشان دەست پێدەکەین، کە یەکێکە لە شاعیرانی سەدەی(١٥م.)و دیوانێکی شیعری بەناونیشانی (پەرێشان نامە)هەیە. دوای ئەم دیالێکتەش دیالێکتی کرمانجی سەروو بەمەلای جەزیری دەست پێ دەکەین، کە یەکێکە لەشاعیرانی کۆتایی سەدەی (١٦) و سەرەتای سەدەی (١٧م.)،ئینجا دیالێکتی کرمانجی خواروو وەردەگرین،کە بە نموونە شیعریەکانی نالی شاعیر دەست پێدەکەین، کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدهەمدا ژیاوە.

## دیالێکتەکانی زمانی کوردی

یەکەمین کەسێك زانستانە پەنجەی بۆ نەتەوەی کورد درێژ کردبێ و دیالێکتەکانی زمان و ئەو تیرە و هۆزانەی نەتەوە لێیان پێك هاتووە دەستنیشان کردبێ، شەرەفخانی بدلیسییە (١٥٤٣-١٦٠٣) لە کتێبی (شەرەفنامە)دا. لەوێدا کوردی بەسەر چوار تیرەی گەورەدا دابەش کردووە:(لور و کەلهور، گۆران - زازا ، کرمانج(سەروو،خواروو).

لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم تۆفیق وەهبی ئەم بیروڕایەی شەرەفخانی کردووە بە بنج و بناوان بۆ دابەش کردن و دیاری کردنی دیالێکتە گەورەو بچووکەکانی زمانی کوردی. لەدوایی هەندێ کەسی دیکە لەم بارەیەوە قسەیان کردووە، بەڵام ئەو لیستانەی تۆفیق وەهبی بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی دایناوون ڕاستی و زانستییان وون نەکردووە و بۆ هەموو دەورو زەمانێك دەست دەدەن.

نەخشەی جوگرافی تۆفیق وەهبی بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی وەکو ئەمەی خوارەوەیە:

١- کرمانجی دەکرێ بەدوو بەش:

(أ)کرمانجی سەروو: لەباکورەوە یەریڤان- فارس- ئەرزنجان- ئەرزەرۆم، مەڵاتیە- مەرش(مەرعەش)-ئەسکەندەروونە.

لەباشوورەوە کرماشان- خانەقین- ڕووباری دیجلە.

(ب)کرمانجی خواروو: لەباکورەوە وان- بەدرێژایی زێی گەورە- ڕووباری دیجلە.

لەباشوورەوە کرماشان- خانەقین- ڕووباری دیجلە

٢- لوڕی:لەباکورەوە سولتان ئاباد- دەوڵەت ئاباد- کرماشان- خانەقین- ڕووباری دیجلە. لەباشوورەوە شیراز- کازەروونە- تانزیك کەنداو.

٣- گۆران: لەخەتی سنە- کرماشان بەرەو ڕۆژئاوا، لە هەندێ دێهاتی نزیك سنووری عێراق و ئێران قسەی پێدەکرێت.

**زازایی: لەهەندێ پارچەی ویلایەتەکانی ئەرزەڕۆم، خەرپووت، بدلیس، دیاربەکر،قسەی پێ دەکرێت.لە بنەڕەتدا گۆران و زازایی یەکتری دەگرنەوە.**
**لێرەدا ئێمە بەپێی سەرەتای ئەدەبی نووسراوی کوردی باس لە شاعیرانی ئەم دیالێکتانە دەکەین و شیعرەکانیان دەخەینەڕوو، سەرەتاش بە دیالێکتی(لوڕ)و شیعرەکانی بابەتاهیری هەمەدانی دەست پێدەکەین، چونکە سەرەتایەکە بۆ دەست پێکردنی ئەدەبی نوسراوی کوردیی و کۆنترین شاعیری کوردە کە بەرهەمەکانی لەبەر دەستدابن.**

**بابا تاهیری هەمەدانی**

**سەبارەت بەژیانی باباتاهیری هەمەدانی ئەگەر بمانەوێت مێژوویەکی تەواومان دەست بکەوێت لەبارەی ساڵی لەدایك بوونی ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ هەموو ئەو سەرچاوانەی کەباسیان لەباباتاهیر کردووە،لەناو ئەوانیشدا پێویستە ئەو بیرو ڕایانە هەڵبژێرین کە لەیەکەوە نزیکن و بەڵگەی مێژووییان لەیەك دەچێت، یان لێکچووە،ڕۆژهەڵات ناس و ڕۆژئاواییەکان زۆریان باسکردووە، چەند بۆچونێکی جیاجیا هەیە لەوانەش: سەعید نەفیسی دەڵێت:(باباتاهیر کوری فەرەیدونە و یەکێکەلەشاعیرانی کۆتایی سەدەی حەفتەم و سەرەتای سەدەی هەشتەم، لەکوردەکانی ناوچەی فارسە).**

ادوارد هێرن : لەساڵی ١٩٠٢ وتارێکی بەزمانی ئینگلیزی دەربارەی باباتاهیری هەمەدانی بڵاوکردۆتەوە. هەروەها ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی(هیوارد) لەگۆڤاری ژورناڵ فرانس وتارێکی دەربارەی باباتاهیر بڵاوکردۆتەوە.(مینۆرسک)یش له دائیره المعارف الاسلامیه باشترین باسی دەربارەی باباتاهیر بڵاوکردۆتەوە بێجگە لەمانە علاالدین سجادی بەگومانەوە دەڵێت:( باباتاهبری هەمەدانی گوایا له ٣٢٦هـ \ ٩٣٥م. دا لەدایک بووە، وەلە ٤٠١هـ – ١٠١٠م. کۆچی دوایی کردووە.

مارف خەزنەدار دەڵێت:( سەبارەت بە ساڵی لەدایک بوونی باباتاهیر ئەوەی راستی بێت ئەوەیە کە بەتەواوی ساڵی لەدایک بوونی باباتاهیر ئاشکرا نییە، لەسەرچاوەیەک ئەوەهاتووە کە باباتاهیر کوڕی فەرەیدونە، لەساڵی ٤١٠هـ. –١٠١٩م. لەژیاندا بووە. لە بەڵگەیەکی ڕاستگۆ بیستراوە کە هەر لەو ساڵەشدا کۆچی دوایی کردووە.هەندێ لەسەر ئەو باوەڕەن کە ٣٢٦هـ. –٩٣٧م. لەژیاندا بووە، هەندێکی تردەڵێن لە (٣٩٠هـ.– ٩٩٩م.)وە ٤٥٠هـ.–١٠٥٨م.دا ژیاوە، بەشێکیش بە هاوچەرخی خواجەی ئەسیرەدینی توسی و ابن سینای دادەنێن، تەسکەرەنووسەکان سەرچاوەی جیاواز بۆ ژیانی باباتاهیر دیاری دەکەن، هەرچۆنێک بێت بەپێی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان باباتاهیر لەماوەی نێوان نیوەی دووەمی سەدەی دەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی یازدەمی مەسیح ژیاوە، لەدایک بوون و کۆچی دوایی بەساڵانی ٣٢٦هـ.–٩٣٧م. \ ٤٠١هـ – ١٠١٠م. دیاری کراوە، هەروەها باباتاهیری عوریانی ناوی باباتاهیرە (بابا)یان پێ وتووە، چونکە یەکێك بووە لە فریشتە پیاوچاکەکانی ئەهلی حەق (یارسان)ەکان،

بەکارهێنانی وشەی بابا لە پێش ناو بۆ رێبەرانی ئایینی یارسان و تەریقەتی دەروێشیزمی ئیسلامی لە کوردەواریدا هاوشانی وشەی (پیر) بەکاردەهێنرێت، هەروەها عوریانیان پێ ووتووە، یان خۆی ئەم ناوەی بۆخۆی هەڵبژاردووە، واتە (ڕووت، ڕووتەڵە)چونکە باوەڕی بە فەلسەفەی سۆفیزم بووە، وەکو تیۆرێك و لە شێوەی دەروێشیزم دەری بڕیووە، وەکو پڕکتیك هەمەدانیشیان پێ وتووە، لەبەر ئەوەی لە هەمەدان ژیاوە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە، بۆیە هەر لەوێش نێژراوە. لەشیعرەکانیدا ناوی راستەقینەی خۆی کە تاهیرە بەکارهێناوە وەکو ناسناو، ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ساڵی لەدایك بوونی باباتاهیر بکەین لەلای علاالدین سجادی و مارف خەزنەدار دا، دەبینیین کە هەمان ساڵە، بەڵام لەساڵە زایینیەکەدا جیاوازی دروست بووە و شایانای هەڵوێستە لەسەر کردنە بەپێی ئەم دوو بەیتە شیعرەی کە هەردووکیان ئاماژەیان بۆکردووە، وەکوبابا تاهیردەڵێت:

- **موآن بحروم كه در ضرف آمد دستم**
- **موآن نوقته كه در حرف آمد دستم**
- **بهر ألف ألف قد دى بر آيو**
- **ألف قد دوم كه در ألف آمد دستم**

وشەكانى(ألف، ألف قد)بەپيتى ابجدى كراوە بەژمارە، بەم شێوەيە: (أ=١، ل=٣٠، ف=٨٠، أ=١، ل=٣٠، ف=٨٠، قد- ق=١٠٠، د=٤)=٣٢٦

# گۆرینی پیت بۆ ژمارە

أبجد هوز حطي كلمن سعفص قرشت ثخذ ضظغ

| أ | ب | ج | د | ه | و | ز | ح | ط | ي | ك | ل | م | ن | س | ع | ف |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ٢٠ | ٣٠ | ٤٠ | ٥٠ | ٦٠ | ٧٠ | ٨٠ |

| ص | ق | ر | ش | ت | ث | خ | ذ | ض | ظ | غ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩٠ | ١٠٠ | ٢٠٠ | ٣٠٠ | ٤٠٠ | ٥٠٠ | ٦٠٠ | ٧٠٠ | ٨٠٠ | ٩٠٠ | ١٠٠٠ |

٣٢٦ه \ ١٤٤٥-٣٢٦=١١١٩سالْ پێش ئێستا بەڕۆژ ژمێری ك.

١١١٩×١٠=١١١٩٠ ÷٣٦٥=٣٠,٦٥٧٣٤٢جیاوازی ك. و م.

١١١٩-٣١=١٠٨٨سالْ پێش ئێستا بە میلادی.

٢٠٢٣-١٠٨٨= ٩٣٥م. لەدایك بووە.

- **شیعرەکانی باباتاهیری هەمەدانی لەڕووی تایبەتمەندییەوە**
- **شیعر بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی تایبەتمەندییەوە دەکرێت بەدوو بەشەوە: یەکەم: ڕووخسار. دووەم: ناوەڕۆک.**
- **شیعرەکانی باباتاهیری هەمەدانیش لەڕووی تایبەتمەندییەوە دابەش دەبێت بۆ دوو بەش کە ئەمانەن:(١-لەڕووی ڕوخسارەوە. ٢- لەڕووی ناوەڕۆک)ەوە.**

## یەکەم:لەڕووی ڕووخسارەوە:

شیعرەکانی باباتاهیری هەمەدانی لەڕووی ڕووخسارەوە چەند لایەنێك دەگرێتەوە، وەکو:( زمانی شیعری، کێشی شیعری، قاڵبی شیعری،هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بەکارهێنانی ناو وەکو ناسناوی شیعری)،بۆیە ئەگەر سەیرێکی شیعرەکانی بکەین لەڕووی زمانەوە، ئەوە بەدیالێکتی لوڕ نووسراوە تێکەڵ بە چەندەها وشەی (فارسی، عەرەبی و تورکی)هەروەها لەڕووی کێشەوە لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبی لەسەر دەریای هەزەجی شەش هەنگاوی مەحزوف(الهزج المسدس المحذوف)ە، کە دەبێتە(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)دانداروە، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر کێشی خۆماڵی(سیلاب) نیوەدێڕی دووبەیتیەکانی لەسەر کێشی یازدە بڕگەیین بەکورت و درێژەوە(ب ___). قافیەیان وەکو چوارین نیوە دێڕی یەکەم و دووەم و چوارەم سەروایان وەکو یەکە، بەڵام نیوە دێڕی سێیەم جیاوازە بەم شێوەیە( أ أ ب أ )، بەدەگمەن وارێك دەکەوێت هەرچوار نیوەدێڕی دووبەیتەکانی سەروایان وەکو یەك بێت، واتە هەموویان(أ أ أ أ)بێت. ئەم دوو بەیتانە تەرانەشیان پێ دەگوترێت، چونکە بەزۆری بەگۆرانی لەلایەن پێرەوانی یارسانەکان لەسەر ئاوازو ئاهەنگی تەمبوور دەوترێت. لەڕووی زمانەوە بە زمانێکی سادەو ساکار نوسراوە و هونەرەکانی ڕەوانبێژیشی تیادا بەکار هێناوە، بۆنموونە:

عزیزان مردی از نامردی نایێ
فغان و نالّه از بێ دردی نایێ
حقیقت بشو از پور فریدون
کەشعله از تنوری سرد نایێ

لەنیوە دێری یەکەمدا (مردی) و (نامردی) دژیەکن لەڕووی هونەری ڕەوانبێژییەوە. لەڕووی زمانەوە سادەو ساکار و تێکەڵ بەچەند وشەو زاراوەی(فارسی و عەرەبی)یە،لەڕووی قافیەوە هەموو وەکویەکن تەنیا نیوەدێڕی سێیەم نەبێ کە جیاوازە(ا ا ب ا ).

دووەم: لەڕووی ناوەڕۆکەوە

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی لەڕووی ناوەڕۆکەوەیە، کە بەگشتی شیعرەکانی پەیوەندیەکی توندو تۆڵیان لەگەڵ ئاینی یارسان هەیە و لەم مەبەستانە پێکدێت:

١-شیعری خۆشەویستی: ئەمەش دەبێتە دووبەش:

أ-شیعری دلّداری دنیایی:

ئەم جۆرە شیعرە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەنجیەتی باباتاهیری هەمەدانی کە گوایە لەسەرەتای ژیانیدا شۆخێك لەشۆخەکانی هەمەدان بەناوی(فاطمە) دڵی ڕاکێشاوە وبەدڵی بووە و خۆشی ویستووە، وەکو لەم چوارینەدا دەڵێت:

**دوو چشمانت پیاله پر زو می بێ**
**خەراجی ابروانت ملك رەی بێ**
**همه وعده کونی ایمروز و فردا**
**خودا داند که فردای تو کی بێ**

لەچوارینەیەکی تردا دەڵێت:

**عەزیزا کاسیی چشمم سرایت**
**میانی هردوو چشمم خاکی پایت**
**از آن ترسم که غافل پانهی باڤ**
**نشیند خاری موژگانم بپایت**

واتە: خۆشەویستم کاسەی چاوم شوێن و جێی تۆیە، نێوان هەردوو چاوم خاکی ژێر پێتە، لەوە دەترسم ناگاهان پێت دابنێیی و دڕکی برژانگم لەژێر پێت بچەقێت.

لێرەدا ئەوەمان بۆ بەدەردەکەوێت، کە شاعیرخۆی لەعاشقان جیانەکردۆتەوە.

## ٢-خۆشەویستی نەستی:

مەبەستمان خۆشەویستی خودایە، سۆفی سەردەمی خۆی بووە، سۆفیەکی ئوسیی بووە واتا رابەری نەبووە، خۆی خۆی پێگەیاندووە. قۆناغەکانی سۆفیگەری بڕیوە، تا گەیشتووەتە یەکبوون و فەنای سۆفیانە.

**دلی دیرم خریداری محبت**

**کزو گرمست بازاری محبت**

**لیباس بافتم بەر قامتی دلا**

**زیودی محنت وتاری محبت**

واتە ئەو دڵە وێرانەیەم کڕیاری خۆشەویستییە،لە بازاڕی جەنجاڵ و تەنگ وگەرمی خۆشەویستیدا، جل و بەرگێك دەچنم بۆ باڵای دڵەکەم خۆشەویستەکەم، کە پۆی لە رەنج و زەحمەت بێ و تاری لەخۆشەویستی بێ.

- **شیعری کۆمەڵایەتی:**

لەم جۆرە شیعرەشدا باباتاهیر چوارینی نایابی هۆنیوەتەوە سەبارەت بەو هەموو کارو نالەباریەی کە لە ناو کۆمەڵدا هەبووە، لەڕووی باری کۆمەڵایەتیەوە کە سەیری کۆمەڵی ئەو ساکەی کردووە، هەندێک لەو پەڕی خۆشی و بەختیاری دەژین و هەندێکیش لەو پەڕی هەژاری و نەداریدان، گازاندەی خۆی کردووە، وەکو یەکێک بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕازی نەبێت، دەنگی خۆی بەرز کردۆتەوە. بۆنموونە لەم شیعرەدا دەڵێت:

- **اگر دستم رسد با چرخ گردون**
- **ازو پرسم کە آن چونست واین چون**
- **یک را دادەیی صد گونە نعمت**
- **یک را قرص جو آلودە در خون**

- **شیعری سۆفی گەری:**

ئەم جۆرەشیان ئەگەر بەراورد بکەین بەمەبەستەکانی تری شیعری ئەوە بۆمان دەدەکەوێت، کە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی پێکدێنێت، ( دوای ئەوەی کە بابا تاهیر خولیای خۆشەویستیەکی راستەقینە دەکەوێتە سەریەوە و دەگاتە ئەو مەیدانە، کە روناکی خودا دەگاتە بەرزترین پلەی خودا پەرستی ئەوا بەشی زۆر و گرنگی چوارینەکانی گرتۆتەوە، لەم بوارەشدا دەتوانیین چەند خاڵێک بەدەست بهێنیین لە ژێرڕۆشنایی بیر و باوەری صۆفی گەریەوە:

أ-بابا تاهیر گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە خۆشی و رابواردنی ژیانی مرۆڤ ماوەکەی کورتە و دەبڕێتەوە، هەر مرۆڤێک هەرچەند ژیانی خۆشبێت کۆتایی دێت، لەژێر رۆشنایی ئەم بیر و باوەرەدا دەچێتە جیهانی خودا پەرستی و صۆفی گەریەوە، بیر لەوە دەکاتەوە، کە چی وا لە مرۆڤ دەکات، کە لە خشتەی ببات بۆ ئەم مەبەستەش ئامۆژگاری خەڵکی دەکات و دەڵێت:

مکون کاری که بر پاسنگت آیو
جهان به این فراحی تنگ آیو
چو فردا نامه خواهان نامه خواهند
تو نامی ببیستی ننگت آیو

ب–بابا تاهیر خودا ناس و صۆفیەکی پشت لە دونیا کردوو بوو، دەشت و دەر و کێوی گرتۆتەبەر بەجۆرێک پشت لە دونیا کردوو بوو دەشت و دەر و کێوی گرتۆتە بەر بەجۆرێک لە دونیا دوور بووەو خەریکی گەرانە بە دوای راستیدا، لای ئەو یەکەم مەرجی هەڵکشانی گیان ئەوە بوو، کە ئادەمیزاد دەبێ دەروونی پاک بێت لەهەموو رق وکینەیەک.

خوشا آنان که پا از سر ندونند
مثال شعله خشک و تر ندونند
کنشت و کعبه بتخانه و دیر
سرای خالی از دلبر ندونند

ج- لای بابا تاهیری هەمەدانی خواناسی تایبەت نییە بەنەتەوەیەک یان دەستەیەک یان کۆمەڵێک، بەڵکو بۆ هەموو کەسێکە لەم بارەیەوە دەڵێ:

اگر مستان مستیم از ته ایمان
وگر بی پا و دستیم از ته ایمان
اگر گبریم و ترسا ور مسلمان
بەهر ملت که هستیم از ته ایمان

د_بابا تاهیر لەبواری تەریقەت و صۆفی گەریدا گەیشتۆتە بەرزترین پلە واتا دڵ و دەروونی بە رووناکی یەزدان رۆشن بۆتەوە و بێجگە لەو زیاتر هیچی تری لە دڵ و دەروون و بیر و هزردا نییە. هەروەکو لەم بەیتە شیعرەدا دەڵێت:-

- بسحرا بنگرم سحرا ته وینم
- بدریا بنگرم دریا تەوینم
- بهر جا بنگرم کوه دشت و در
- نشان از قامت رعنا تەوینم

باباتاهیری عوریان بێجگە لە چوارینەکانی بەرهەمێکی دیکەی بەزمانی عەرەبی هەیە، بەناونیشانی(کلیمات القصارە)کە باسی بیرو باوەڕی صۆفی گەری خۆی و زانیاری خواپەرستی دەکات. هەروەها باباتاهیر لەمەبەستەکانی دیکەی شیعریش شیعری هۆنیوەتەوە، وەکو شیعری وەسفی سروشت، شانازی کردن بەخودی خۆی، سەرگەردانی و فەلسەفەی ژیان و مردن و... .

## ئەدەبیاتی دیالێکتی گۆران:

سەرەتای ئەدەبیاتی گۆران دەگەرێتەوە بۆ شعرە ئاینیەکانی یارسانەکان کە پێیان دەگوترێت ئەهلی(حەق)کە لەلایەن اسحاقی کوری عیسی بەرزنجی کە لە ساڵی ٧٥٤ك. واتە سەدەی چوارەمی میلادی سەری هەڵداوە.**خەڵکی ناوچەکە لەبەر گەورەیی و رێزگرتن لە ئیسحاق، لەبەرئەوەی توانیویەتی گۆرانەکانی شارەزوور و هەورامان یەک بخات و لەبەر شارەزایی رێبازێکی نوێ دابمەزرێنێت وەببێتە سەرۆکی ئاینی ناوچەکە ناویان ناوە (سلطان، مەلا، شا،کاکە). هەروەها وشەی (ئیسحاق) لەڕووی دەربڕینەوە گۆرانی بەسەردا هاتووە،بە(سەهاک، سەحاک، سەحاق)دەربڕدراوە.**

- **بیروباوەری گۆرانەکان(ئەهلی حەق)**

**گۆرانەکان باوەڕیان بە(دۆنادۆن)هەبوو، لەسەر ئەو باوەڕەن کە(کردگاڵر) حەوت جار لەجیهاندا دەردەکەوێت و خۆی دەنوێنێ هەر جارێکیش چوار تا پێنج فریشتەی لەگەڵ دایە و لەگەڵیاندا یەکێتییەکی تەواو و بێ کەم و کوڕی دروست دەکەن، ئەوەی پەیوەندی بەدۆنادۆنیشەوە هەیە ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە گیان لە لەشی ئادەمیزادێکەوە دەچێتە لەشێکی تر. دۆنادۆنیش چەند پلەیەکی هەیە،لە چوونی گیان لە لەشی ئادەمیزادێک بۆ لەشی ئادەمیزادێکی تر یانیش لە لەشی ئادەمیزادێک بۆ لەشی ئاژەڵ و دڕندەو ڕوەک و دار و دەوەن، وەباوەڕیان بە وەیە کە جیهان لەدەوری خۆیدا دەسورێتەوە.**

## رووخسار و ناوەڕۆکی ئەدەبیاتی گۆران

## یەکەم : روخساری شیعرەکانی دیالێکتی گۆران

شیعری کوردی و دیالێکتی گۆران شیعرێکی رەسەنە، چونکە لەبەر سەختی و دژواری ناوچەکە لەبەر سەرماو سۆڵەی زستاندا ناوچەکە ناوچەیەکی دابڕاو بووە و دووربووە لە کاریگەری ئەدەبیاتی دەوروبەر، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەدەبەکەی خۆی بەتایبەتی ئەدەبە فۆلکلۆرە رەسەنەکەی بپارێزێت. شیعرەکانی بەدیالێکتی هەورامی لەسەر کێشی پەنجە یان کێشی خۆماڵی نووسیووە،بەشی زۆری شیعرەکانیش لەسەر کێشی(دە)بڕگەیین و هەر نیوە دێڕێك لە (دە)بڕگەی واتە:( پێنج + پێنج)= دە \ (٥+٥)=١٠بڕگە وەستاون، ئەم کێشە کێشێکی ڕەسەنی کۆنی کوردە. لە ڕووی سەرواش جووت سەروان و لە ڕووی زمانیشەوە لە شیعری ناوچەکانی تری کوردستان پاراوتربوون.

## دووەم :شیعرەکانی دیالێکتی گۆران لەڕووی ناوەڕۆکەوە

لەڕووی ناوەڕۆکەوە شیعری کوردی لە دیالێکتی گۆران لە دوو بەش پێک هاتووە:

أ–ئەو شاعیرانەبوون کە پابەندبوون بە ڕێبازی یارسانەکان، واتە شاعیران بە شیعرەکانیان باسی ئایینەکەیان دەکرد.

ب–شیعری ویژدانی: ئەمەش بەشی دووەمی شیعری ئەم دیالێکتەیەکە دوای ئەوەی چەند شاعیرێک دەرکەوتن پەیوەندییان بە ئاینی یارسانەوە نەبوو، بەڵام بەدیالێکتی گۆران دەیان نووسی وە شیعرەکانیان لە مەبەستەکانی دیکەی شیعربوون، وەکو:(ئاینی، دڵداری، جوانی سروشت، ئافرەت، لاواندنەوە، ستایش، کۆمەڵایەتی، داشۆرین و صۆفی گەریەتی).

## نموونەی شیعری لەکتێبی (سەرەنجام)دا

## سروودی حەوتەم

ئەوەل ئاخر یار، ئەوەل ئاخر یار
بوا نام سەنای ئەوەل ئاخر یار
یار یەعنی مەولام ساحێب ذولفقار
ئوستادی ئەزەل ژبەر تاوە بار
میعماری کەونیین سەما سێ و چار
سەمای چار مەلەک پەیکی پەیغام ئار

واتە سەرەتاو کۆتایی تەنیا یارە، شوکرانەی بکە چونکە سەرەتاوکۆتایی هەر یارە. گەورەم خاوەنی شیری دوو سەر بووە، وەستای بوون لە وشکایی تاکو زەریا.هەردوو گێتی(ئاسمان و زەوی) هەر حەوت تەبەقەی دروستکردووە،لەگەڵ ئاسمانی چوارەم مەلەک کە پەیام دێنێت.

- **مەلا پەرێشان**

**ناوی(محمد)ە خەڵکی دینەوەری ناوچەی کرماشانە بە مەلا پەرێشان ناسراوە، کۆنترین شاعیری کوردە کە بەدیالێکتی گۆران شیعری نوسیووە. سەردەمی ژیانی دەگەرێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی چوارەم و نیوەی یەکەمی سەدەی پازدەم، لەیەکێک لە دێڕە شیعرەکانی دەرکەوتووە لە ساڵی ٨٠١ک. بەرامبەر ١٣٩٨–١٣٩٩م. زیندوو بووە. شاعیرێکی هۆشمەند بووە و ئاشنایەتی لەگەڵ زمانی عەرەبی،فارسی و تورکی دا هەبووە،دیوانێکی لەپاش بەجێ ماوە بەناوی(پەرێشان نامە).**

بەلای مەلا پەریشان خودا بەم شێوەیە گێتی دروست کردووە:

**چون حەق ژ ئیجاد ماسیوا پەرداغت**
**ژنووری ئەحمەد لەوح و قەلەم ساخت**
**عەرش و کورسی هەم ژ نووری مورتەزا**
**ئاسمان و زەمین ژ نووری موجتەبا**
**ژ نووری حوسین بەهەشت کرد بینا**
**جلیوەی گەربێ بەتوولی عەزرا**

هەروەکو چۆن لەبنەڕەتدا هەموو شتێکی دروستکرد، لە ڕۆشنایی پێغەمبەر(د.خ.) لەوح و قەلەمی دروست کرد، عەرش و کورسی لە ڕۆشنایی ئیمامی عەلی دروستکرد،ئاسمان و زەویشی لەرۆشنایی ئیمام حسین دروست کردووە و بەهەشتیشی هەر لەسەر ئەم رۆشناییە بنیاد ناوە،جێگیربێ رۆشنایی فاطمە کە هێمای رۆشناییە.

# ئەدەبیاتی دیالێکتی کرمانجی سەروو

دەربارەی ئەو قۆناغە مێژووییەی ئەدەبیاتی کرمانجی سەروو باسی ئەدەبی فۆلکلۆر ناکەین، چونکە هەر لەگەڵ پەیدابوونی میللەتەوە هەبووە و درەنگیش کۆکراوەتەوە، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی کرمانجی سەروو بەکۆتایی سەدەی شازدە و سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم دادەنرێت، چونکە چەند بەڵگەیەکی مێژوویمان لەژێر دەست دایە، کە ئەم قسەیە دەسەلمێنێ لەوانە:-

**یەکەم:** شەرەفخانی بەدلیسی لە شەرەفنامەکەیدا، کە لە ساڵی ١٥٩٦م. تەواوی کردووە، دەڵێت لەناو کوردا هەڵنەکەوتووە، شاعیر بەشێوەی رەها(مطلق) بنوسێ، وە ئەگەر هەبووبێ ئەو گوێی لێ نەبووە.

**<u>دووەم:</u>**(احمدی خانی) لە مەم و زیندا باسی ئەوە دەکات، کە پێش خۆی (مەلای جەزیری و عەلی حەریری و فەقێ تەیران) ژیاون، کۆنترینی ئەمانەش (مەلای جزیری)یە، کە یەکێکە لە شاعیرانی کۆتایی سەدەی ١٦ و سەرەتای سەدەی حەڤدەم.

**<u>سێیەم:</u>**فەقێ تەیران شیعرێکی هەیە لەگەڵ شیعرەکەی احمدی خانی یەک دەگرێتەوە، کە ئەوان پێش ئەو ژیاون. هەروەها رێگا خۆشکەریش بوونە بۆئەوەی احمدی خانی دەرکەوێ و شاکارەکەی مەم و زین بنوسێت.

- بۆ سەرهەڵدانی ئەم ئەدەبیاتە پێویستی بەهاندەروو بارو دۆخێکی رەخساو هەبوو، ئەمەش لەسەرەتای سەدەی ١٦ هاتە کایەوە، کە ئەوکاتە دوو هێزی سەرەکی ئێرانی و عوسمانی لەناوچەکەدا هەبوون، وەدەیان ویست دەسەڵاتیان بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرن، کوردستانیش بەشێک بوو، لەو ناوچەیە لەشەری چاڵدێران ساڵی ١٥١٤م. عوسمانیەکان سەرکەوتنوو بەشێکی زۆری کوردستانیان کەوتە ژێر دەسەڵاتیان، دوای شەری چاڵدێران سولتانی عوسمانی دوای هەڵ و کۆششی(ادریسی بدلیس) توانی پەیمانێک لەگەڵ میرە کوردەکانی ئەو ناوچەیەدا ببەستێت، کە سەر بەدەوڵەتی عوسمانی بن و هاوپەیمانی بکەن، بەرانبەر بەوەش چیان دەوێت بۆیان بکرێت، ئەوانیش دوو داواکاریان هەبوو:

**<u>یەکەم:</u>** چەسپاندنی دەسەڵاتیان هەریەکە و لەناوچەی خۆیان.

**<u>دووەم</u>:** میرایەتی لەسەر بنچینەی نەوە و نەوەزایەتی بێت. واتە ئەگەر میرێک کۆچی دوایی کرد، کورەکەی یا براکەی یان یەکێکی لەخزمەکانی جێگای بگرێتەوە.

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە چەند میرێکی کورد، بەرژەوەندیان بدرێتێ و چەند پادشایەکی کورد لەناوچەکانی(ئامێدی و جزیرە و بەدلیس و هەکاری) دابمەزرێن، فەرمان ڕەوایی ناوچەکە بکەن وەناوچەیەکیان بە ناوی(ئەیالەی دیاربەکر) بۆ دەست نیشان بکرێت

# تایبەتمەندی شیعرەکانی دیالێکتی کرمانجی سەروو

شیعری دیالێکتی کرمانجی سەروو (٣٠٠) ساڵێک پێش قوتابخانەی دیالێکتی کرمانجی خواروو سەری هەڵداوە، لەبەر ئەوەی بارودۆخی گونجاوی بۆ رەخساوە، بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێک بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبێکی بەرز بەو دیالێکتەی کە لەلایەن فێر خوازانی ئەو سەردەمە خۆشەویست بێت،دوای ئەوەی لەگەڵ زمانانی عەرەبی و فارسیدا ئاشنایەتیان هەبووە. تایبەتمەندیەکانی شیعری ئەم دیالێکتەش ئەمانەن:

## ١-لەڕووی روخسارەوە:

شاعیرانی دیالێکتی کرمانجی سەروو بەردەوامی و لاسایی کردنەوەی شیعری شاعیرە کلاسیکیەکانی رۆژهەڵات بوون، واتە تایبەتیەکانی شیعری کلاسیکی رۆژهەڵاتیان گواستبۆوە بۆ ناو شیعری دیالێکتی کرمانجی سەروو.

**أ–لەڕووی زمانەوە:**

شیعرەکان بە دیالێکتی کرمانجی سەرووی زمانی کوردی و تێکەڵ لە چەندەها وشەو زاراوەی فارسی و عەرەبی و تورکی بوو، لەگەڵ بەکارهێنانی کێشی عەرووزی عەرەبی و بایەخ دان بە یەکێتی سەروا و هەڵبژاردن و رازاندنەوەی وشەو بەکار هێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بایەخ نەدان بەیەکێتی بابەت و بەکارهێنانی هەمان ئەو قالبە شیعریانەی کە لەلایەن شاعیرە کلاسیکیەکانی رۆژ هەڵات بەکار دەهێنران، وەک:– (تاک ،چوارین، پێنجین، پێنج خشتەکی، تەرکیب بەند، تەرجیع بەند، موستەزاد، ملمع، غەزەل و قەصیدە)، لەگەڵ نوسینی ناو یا نازناوی شاعیر لەکۆتایی هۆنراوەکەدا.

**ب–لەڕووی ناوەڕۆکەوە:**

شاعیرە کلاسیکیەکانی دیالێکتی کرمانجی سەروو، هەمان ئەو مەبەستە شیعریانەیان بەکار دەهێنا کە لەلایەن شاعیرە کلاسیکیەکانی رۆژهەڵات بەکار دەهێنرا وەک:( شیعری دڵداری، ئایینی، سۆفیگەری، ستایش، شانازی، مەی نۆشی، لاواندنەوە، داشۆرین، کۆمەڵایەتی،نیشتمان پەروەری، فەلسەفە، نەتەوایەتی و ...).

# مەلای جزیری

یەکێکە لەکۆنترین شاعیرانی دیالێکتی کرمانجی سەروو، ناوی (شێخ احمد)ە کوڕی شێخ محمدو بە مەلای جەزیری بەناوبانگە، نسبەت بە جەزیرەی (ابن عمر) کە دەکەوێتە باکوری رووباری دیجلە و نزیک چیای (جودی)، کە بە جەزیرەی بۆتان بەناوبانگە. ناسناوی شیعری لەناسناوێک زیاتر بووە، کە ( مەلای جزیری، مەلێ، نیشان) بووە، نیشان بەواتای شوێنی تیر واتە برینداری عشق.

دەربارەی ساڵی لەدایک بوونی جزیری و مردنی بیرو بۆچوونی جیاجیا هەیە لەوانەش:

١. احمدی مەلا محمدی زەبەنگی دەڵێت: مەلای جزیری لە کۆتایی سەدەی دەیەمی کۆچی ژیاوە، واتە کۆتایی سەدەی(١٦) لەسەردەمی میرشەرەف خانی کوڕی(میرابدال) کە یەکێکە لە میرەکانی(ئازیزان) بۆماوەیەکی زۆر فەرمان ڕەوایی جزیرەی(ابن عمر)یان کردووە، لەساڵی ١٠٠٥ک. بەرامبەر بە ١٥٩٦م. زیندووبووە.

١. هەژار دەڵێت: ئەگەر(ژابا) و (فۆن هارت مانی)ئەڵمانی و (بلەج شێرکۆ) و (امین زەکی) دیوانەکەیان بە ووردی خوێندبوایە ئەوە لە رێگەی ئەو شیعرەی کە باسی(پیرەکانی خان شەرەف) بەس بوو بۆ ئەوەی کە بۆیان دەرکەوێت کە مەلای جزیری لەکۆتایی سەدەی(١٦) زیندوو بووە، چونکە ئەو گۆڕەی کە جزیری تیایدا نێژراوە، ژێر زەمینی مزگەوتێکە کە (خان شەرەف) دوای هەزارەمی کۆچی دروستیکردووە.

٢. (بلەج شێرکۆ) لە کتابی(القطیة الکردیە) دا دەڵێت: مەلای جزیری ناوی شێخ احمدە خەڵکی بۆتانە لەساڵی(١١٦٠ک.) لە جزیرەی بۆتان کۆچی دوایی کردووەو شیعرێکی زۆری لە غەزەل و تەسەوف هەیە.

٣. محمد امین زەکی: لەتاریخی کورد و کوردستان و مەشاعیری دا دەڵێت: مەلای جزیری ناوی شێخ احمدە و لەجزیرەی ابن عمر لەنیوەی دووەمی سەدەی (١٦)ی کۆچی لە سەردەمی (عیماد الدین) حاکمی موصل ژیاوە.

٤-محمد امين زەكی: لەتاريخی كورد و كوردستان و مەشاعيری دا دەڵێت: مەلای جزيری ناوی شێخ احمدە و لەجزيرەی ابن عمر لەنيوەی دووەمی سەدەی (١٦)ی كۆچی لە سەردەمی (عيماد الدين) حاكمی موصل ژياوە.

٥-رۆژهەڵات ناسی رووسی (ئۆگست ژابا) لە (قسە لەكوردەوە) دەڵێت: مەلای جزيری خەڵكی جزيرەی ابن عمرە و ساڵانی(٥٤٠-٥٥٦)كۆچی بەرانبەر بە(١٣٤٥-١٣٦٠)لە دەوری عيمادالدين زەنگی ژياوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت مەلای جزيری لە نيوەی دووەمی سەدەی(١٦م.) سەرەتای سەدەی (١٧م.) ژياوە، شەرەفخانی بەدليسی لەكتێبەكەيدا بەناوی(شەرەف نامە)، كە لەساڵی ١٥٩٦م. تەواوی كردووە، باسی نەكردووە.

٦-عەلائەددين سەجادی: پێی وايە جزيری لەساڵی ١٤٠٧ لەدايك بووە و لە ١٤٨١ع. كۆچی دوايی كردووە.

٧–ابراهیم احمد شوان دەڵێت: وا بەدەر دەکەوێت، کە جزیری لە ساڵی ١٦٣١ع. زیندوو بووە و دوور نییە لە ١٦٤٠ع. وەفاتی کردبێت.

سەرەڕای ئەم بۆچوونانەش دێرە شیعرێکی جزیری هەیە کە لەبەرگی دیوانەکەیدا نوسراوە، بەپێی حروفی(ابجد) لێک دراوەتەوەو ساڵی لەدایک بوونی مەلای جزیری پێ دیاری کراوە، وەکو جزیری دەڵێت:

**ژ حرفان ماه و سال ما  نەهات در شکل مال ما**

حرف\ ح=٨، ر=٢٠٠، ف=٨٠، أ=١، ن=٥٠ ( ٨+ ٢٠٠+٨٠+٥١)=٣٣٩

ماه و \ م=٤٠، ا=١، ه=٥، و=٦، (٥+١+٤٠+٦)=٥٢

سال \ س=٦٠، أ=١، ل=٣٠، (٦٠+١+٣٠)=٩١

ما \ م=٤٠، أ=١، (٤٠+١)=٤١

شكل \ ش=٣٠٠، ك=٢٠، ل=٣٠ (٣٠٠+٢٠+٣٠)=٣٥٠

مال \ م=٤٠، أ=١، ل=٣٠ (٤٠+١+٣٠)=٧١

ما \ م=٤٠، أ=١ (٤٠+١)=٤١

٣٣٩+ ٥٢+ ٩١+ ٣٥٠+ ٧١+ ٤١+٤١=٩٨٥ك

١٤٤٥-٩٨٥=٤٦٠

٤٦٠×١٠=٤٦٠٠

٤٦٠٠÷٣٦٥=١٣ سال

٤٦٠-١٣=٤٤٧ ساڵ پێش ئێستا بە میلادی

٢٠٢٣_٤٤٧=١٥٧٦م. لەدایك بووە.

دەربارەی کۆچی دوایی مەلای جزیری شیعرێکی فەقێ تەیران کە مێژووی کۆچی دوایی مەلای جزیری دەست نیشان دەکات زو دەڵێت:

حەفت عەین کو لام ژ بێ وجود

شین و گری هات نەبڤەوا

٧×ع – ل +شین + گری=

٧×٧٠=٤٩٠ -٣٠=٤٦٠

ش=٣٠٠، ی=١٠، ن=٥٠

٣٠٠+٥٠+١٠=٣٦٠

گری \ گ=٢٠، ر= ٢٠٠، ی= ١٠

٢٠ +٢٠٠ +١٠ =٢٣٠

٤٦٠+٣٦٠+٢٣٠=١٠٥٠ك

١٤٤٥-١٠٥٠=٣٩٥

٣٩٥×١٠=٣٩٥٠

٣٩٥٠÷٣٦٥= ١٠،٨٢١٩١ ____١١

٣٩٥-١١=٣٨٤

٢٠٢٣ -٣٨٤=١٦٣٩م.ساڵی کۆچی دوایی مەلای جەزیری.

**پلەوپایەی جزیری**

مەلای جزیری شاعیر و سۆفی و خوێندەوارێکی زۆر شارەزاو بەتوانا و پایە بەرز بوو، دەستێکی باڵای هەبووە لەزانستەکانی ئەو سەردەمەدا جگە لە زمانی خۆی زمانی عەرەبی و فارسی زۆر باش زانیووە، شاعیرە بەناو بانگەکانی ئەدەبی فارسی لەوانەك(حافظ ، سعدی و جامی )، کاریگەرییان بەسەریەوە هەبووە و لەشیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، جزیری بەوەستای غەزەلی کوردی دادەنرێت. لەم بوارەدا شانی لەشانی شاعیرە فارسەکان داوە و خۆی لەوان بەکەمتر نەزانیووە. بۆ نموونە لە شیعرێکدا دەڵێت:

**گەرلؤلؤی مەنشور ژ نەظمێ تە د خوازی**

**وەرە شیعری مەلێ ببین تە بەشیراز چ حاجەت**

لەدێڕە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

**پیری شعارە د شیعری (مەلێ) شال فرۆش**

**تو نیشان مەدە فەروخی کولنگ بویە فرخ**

# ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانی مەلای جزیری

## ١–لەڕووی ڕوخسارەوە:

شیعرەکانی جزیری بەردەوامی و لاسایی کردنەوەی فۆرمی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵات بوو،یەکەم شاعیر بوو کە فۆرمی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی گواستەوە ناو شیعری کلاسیکی کوردی بەدیالێکتی کرمانجی سەروو، تێکەڵ لە چەندەها وشەو زاراوەی فارسی و عەرەبی و تورکی بوونە، لەگەڵ بەکارهێنانی کێش و سەروا و هەڵبژاردن و ڕازاندنەوەی وشە و بەکارهێنانێکی وەستایانەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی، لەڕووی قالبی شیعریشەوە(غەزەل، قصیدە، ملمع، تەرکیب بەند، تەرجیع بەند و چوارخشتەکی بەکاردەهێنا. بۆ نموونە لەشیعرێکدا دەڵێت:

نەوایا موطرب و چەنگێ فغان ئاڤێتە خرجەنگی
وەرە ساقی حەتا کەنگێ نەشۆین دل ژڤێ ژەنگێ
حەیاتا دل مەیا باقی بنوشین داب و موشتاقێ
(الایا ایها ساقی ادر کأسا وناولها)
دزانی رود و عود أول چ ناڤین سرود ئەوەل
(که عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکل ها)
ئەم شیعرەی سەرەوە لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبی هۆنراوەتەوە لەسەر کێشی(هەزەجی هەشت هەنگاوی تەواوە) واتە(مفاعیلن، مفاعیلن، مفاعیلن، مفاعیلن)ە،لەڕووی قالبی شیعریش (ملمع)ە،لەڕووی ڕەوانبێژیشەوە وشەکانی(چەنگێ و کەنگێ)رەگەزدۆزی ناتەواون لەجۆری جودا،بەزمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی سەروو نوسراوە.

## ٢-لەڕووی ناوەڕۆکەوە:

شیعرەکانی مەلای جزیری لەڕووی ناوەڕۆکەوە وەك سەرجەم مەبەستە شیعریەکانی شاعیرانی کلاسیکی رۆژهەڵاتە لەوانە:( دڵداری، ئاینی، سۆفیگەری، فەلسەفەو ستایش و ...)بوو. بۆنموونە لە شیعرێکی دڵداریدا جزیری کە بۆ خۆشەویستەکەی نوسیووە، دەڵێت:

شۆخ و شەنگێ زوهرە ڕەنگێ دل ژمن بر دل ژ من
ئاورێن هەیبەت پلەنگێ دل ژمن بر دل ژ من
وێ شەمالێ میسك خالێ دێم دووری گەردن شەمالێ
جەبهە تابسکان سەمالێ دل ژمن بر دل ژ من
زولف و خالان نون و جالان وان ژمن دل بری تالان
گۆشەیێ قەوسێ هیلالان دل ژ من بر دل ژ من
سور شیرینێ نازەنینێ کوشتم وناکەت یەڤینێ
وێ بچەنگالا ئەڤینێ دل ژمن بر دل ژمن

واتە: یاری جوان وەك ئەستێرەی درەوشاوەیە كە لە دوورەوە دەدرەو شێتەوە، وەكو پڵنگیش بە سام ترسە، ئەو دڵی لێ بردووم . ئەوخونچە جوانە خاڵەكانی وەكو مسكەو روخساری وەك مرواربیە، گەردەنی وەك مۆمی ماڵی میرانە و بسكەكانی لەسەر روویدا سەمادەكات و دڵی بردووم. زولف و خاڵی وەك یەك رەشن بۆ كوشتنم یەكیان گرتووە و دڵیان بەتاڵان بردووم،كەوانەی برۆكانی كە وەك مانگی یەك شەوەوایە دڵی لێ بردووم و دڵی بردووم. سور و شیرین و جوانە كوشتمی و باوەڕم پێناكات، ئەو بە چەپۆكی خۆشەویستی دڵی لێ سەندووم و دڵی بردووم. هەروەها لەشیعرێكی دیكەدا جزیری كە بۆ ستایشی میرشەرەف خانی كوری(میر ابدال)ی نوسیووە، دەڵێت:

**ئەی شاهنشاهی معظم حەق نیگەهداری تەبێ**

**سورەیی(انا فتحنا) دەور و مادارێ تەبێ**

**هەر كەنارێ پێڤە وەرگێری عینانی هیمەتێ**

- **زوهره بێ پەیکی تەو کەیوان رەکیب داریێ تەبێ**
- **دائیما مەنزڵگەها سوراتەبت بورجا شەرەف**
- **طالعی فەرموونده و بەختێ سعید یارێ تەبێ**
- **سبعەیی سەییارەو نه چەرخی سەرگەردان بڤێ**
- **گەردش و دەورێ عەجەب دەرخدمەت و کارێ تەبێ**

واتە:ئەی پاشای بە قەدر خوای گەورە ئاگادارت بێت و سورەتی (انا فتحنا) کە خەڵاتی سەرکەوتنی پێغەمبەرە بەسەر کافرەکاندا لە دەوری تۆ دابێ.بۆ هەر کوێ جڵەو وەرگێڕی ئەستێرەی زوحەلیش رکێفەکەت بۆ دابگرێت.

ئەو بورجەی کەشوێنی تۆیەو ناویان ناوە بورجی شەرەف، کە بەراستی بە وجودی تۆوە بورجی شەرەفە وە بەتۆوە شەرەفی پەیدا کردووە و هەمیشە هەر ئاوەدان بێت و سەرجەم رۆژەکانت جەژن و خۆشی بێت. حەوت ئەستێرە گەریدەکانی ئاسمان، کە سەرگەردانی چەرخن بەو سورانە هەمیشە لەکار و خزمەتی تۆ دابن.

مەلای جزیری لە مەبەستەکانی دیکەی شیعریدا شیعری هۆنیوەتەوە، بەڵام ئێمە تەنها لەم دوو مەبەستدا نموونەی شیعریمان هێناوەتەوە،لەبەر کەمی کاتی پێویست بۆ بابەتەکە.

# ئەدەبیاتی دیالێکتی کرمانجی خواروو

## 1-میرنشینی بابان و ڕۆڵی:

میرنشینی بابان ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو بۆ ئەوەی شیعر بە دیالێکتی کرمانجی خواروو سەرهەڵبدات، چونکە میرنشینە کە میرنشینی کوردی خاوەن دەسەڵاتێکی گەورەبوو، میرەکانیان خاوەن هەست و سۆزێکی نیشتمان پەروەری بەرز بوون، هەوڵیان دەدا میرنشینەکەیان بکەنە بەردی بناغەی دامەزراندنی دام و دەزگایەکی کوردی سەربەخۆ، بایەخێکی زۆریان بەخوێندن و زانست و رۆشنبیری دا بۆ ئەو مەبەستەش چەندەها مزگەوت و حوجرەیان دروست کرد. چەندەها کتێبخانەی پڕ لەکتێبی نایابیان دامەزراند؛ لە هەر شوێنێکیش کتێبێکی نایاب هەبوایە هێناویانە یان هەوڵی دابین کردنیان داوە،بژێوی ژیانی مەلا و فەقێکانیشیان لەئەستۆ گرتبوو، ئەمانەش بوونە هۆی ئەوەی جم و جۆڵێکی رۆشنبیری و زانستی دروست ببێت و چەندەها مەلا و زانا و ئەدیب پەیدا ببێت، بە دیالێکتی کرمانجی خواروو کە دیالێکتی میرنشینی بابان بوو بەرهەمەکەیان بنوسن.

2-دروست کردنی شاری سلێمانی:

نوێکردنەوەی میرنشینی بابان بە دروستکردنی شاری سلێمانی وەك پایتەختێك هۆکارێکی گرنگ بوو، بۆپەیدا بوونی بزووتنەوەی ئەدەبی لەباشوری کوردستان، لە سەدەکانی نۆزدە و بیست تا ئێستاش شاری سلیمانی نێوەند و مەڵبەندی یەکەمی بزوتنەوەی ئەدەبی کوردییە، وە شایەنی ئەوەیە بە پایتەختی ئەدەبی و رۆشنبیری کوردی ناوببرێت لە کوردستانی باشوردا،لەنیوەی یەکەمی سەدەی(١٩) سێ شاعیری ناودار دەرکەوتن کە(نالی و سالم و کوردی)بوون، ئەمانە خەڵکی رەسەنی ناوچەکە بوون و زۆربەی ژیانیان لەشاری سلیمانی بەسەر بردبوو. دوای ئەوەی ئەم بزوتنەوە ئەدەبیە کە زادەی داهێنانی رۆشنبیری ئەو شارە بوو، لە دواییدا ئەو پلە مەزنەی لە ژیانی خوێندەواری کوردیدا پاراست، بزوتنەوەکە تادەهات زیاتر پەرەی دەسەند و لەڕووی روخسار و ناوەڕۆکەوە پێش دەکەوت و ژانر و بابەتی نوێی دەهێنایە ناو ئەدەبی کوردیەوە لەپێشدا لەبواری شیعردا پاشان لەبواری پەخشاندا، کارێکی سروشتی بوو ئەم بزوتنەوە ئەدەبیە،کە لە سلێمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی(١٩)دا سەری هەڵدا و لە دواییدا لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی باشور بڵاوبۆوە، کە بریتی بوو لە چوار هەرێمی گەورەی وەك:(بابان، ئەردەلان، موکریان و سۆران)، ئەم ناوچانە لەڕووی دیالێکتی زمانی کوردیەوە تێکەڵاوە و لە دیالێکتەکانی کرمانجی خواروو – گۆران پێکهاتووە.

-هەندێ تێكستی وەك(شیعرەكانی عەلی بەردەشانی و مەهدی نامەی محمد ابن الحاج، كەباسی هەندێ لایەنی ئاینی و داب و نەریتی كۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە دەكات،كە بە شیعر هۆنراوەتەوە نزیكەی لە (١٥٧) چوارین پێكهاتووە؛ لە ساڵی (١٧٦٢م.) تەواوی كردووە،گرنگیەكەی لەوەدایە كە بەشێوازێك نوسراوە كەناوچەكانی هەولێر و رەواندوز و ناوچەی جوانڕۆ قسەیان پێ دەكرد، كە بە شێوەیەكی گشتی شێوەزاری سلێمانی بوو،هەروەها سەرەتایەكی باشی هونەرەكانی پەخشانی كوردیش بوو.

٤- ئەحمەدی شێخ مارفی نۆدێیی، لەگەڵ ئەوەی بۆ كورەكەی (ئەحمەدی) داناوە، كە ئەوكاتە تەمەنی (٧) ساڵان بووە؛ بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی بێت، بەڵام لەهەمان كاتدا بەفەرهەنگێكی كوردی عەرەبی دادەنرێت بە دیالێكتی كرمانجی خواروو هەروەها لەرووی پەروەردەییەوە بایەخێكی خۆی هەیە.

٥-ململانێی نیوان هەردوو ڕێبازی قادری و نەقشبەندی لەكوردستاندا، كە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، هەر دوو ریبازەكە ڕۆڵێكی باڵایان هەبوو لە ژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسیدا، وە لەدواییدا ململانێیەكی رۆشنبیری لێكەوتەوە.

6-کارتێکردنی ئەوروپا و دەوڵەتی عوسمانی: لەوسەردەمەدا کوردستان لەژێر داگیرکردنی ئەوروپا و دەوڵەتی عوسمانی دابوو، ئەمەش بووە هۆی پەرەسەندنی بیری نەتەویی و نوسین بەزمانی کوردی و بڵاوبوونەوەی بابەت و فۆرم و تەکنیکی نوێ. ئەم هۆکارانە بوون، کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی بەدیالێکتی کرمانجی خواروو،لەگەڵ ئەمەشدا چەند زانا و شاعیر و ئەدیبی بەناوبانگ پەیدابوون، لەوانە: (نالی و سالم و کوردی)، کە بەڕابەری شیعری ئەم دیالێکتە دادەنرێن و توانیان ببن بەخاوەن قوتابخانەیەکی سەربەخۆی ئەدەبی کوردی لە دیالێکتی کرمانجی خواروودا. بۆنموونە نالی شاعیر وەکو یەکەم ڕابەریی ئەم قوتابخانەیە وەردەگرین.

# نالی

ناوی (خدر)ی کوڕی احمدی شاوێسییە و لەتیرەی (ئالی بەگی میکائیلی)یە،بەشێکن لە جافەکان لەگوندی خاك و خۆل لە ناوجەرگەی شارەزوور لە نزیك ڕووباری تانجەڕۆ لە ساڵی ١٨٠٠م. لەدایك بووە،تاقانەی دایکی بووە و باوکی هەر زوو کۆچی دوایی کردووە، دایکی خستۆتیە بەرخوێندن؛ سەرەتای خوێندنی لە حوجرەی مزگەوتی خاك و خۆڵ دابووە، ماوەی منداڵی لەوێ بەسەر بردووە، لەسەردەمی منداڵیدا چۆتە قەرەداغ، کە لەو رۆژگارەدا ناوەندێکی گرنگی زانستەکانی ئیسلام و زمانی عەرەبی بووە، مەلای باشی لێ بووە، دەڵێن لەوێ گیرۆدەی خۆشەویستی کچێك بووە، بەناوی (حەبیبە)وەدەشکرێت وشەی حەبیبە کە بەکوردی واتای خۆشەویست یا دولبەر دەگرێتەوە، نالی بەخەیاڵ وەك بووکی شیعر دروستی کردبێت وەهیچ بەڵگەیەکیش نییە کە حەبیبەی خواستبێت، یان هەر ژنی هێنابێت، چونکە لە ئەستەمبۆڵیش ژنی لەگەڵدا نەبووە. بۆخوێندن ڕووی کردۆتە شاری سلێمانی لەوێ لەمزگەوتی(سید حسن)لای زانای بەناوبانگ مەلا عبداللە رەش) خوێندنویەتی و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە،لەوێ بەمەلایەتی ماوەتەوە، بەڵگەش لەبەر دەستدا نییە، کە بۆ خوێندن هیچ شوێنێکی دیکە گەڕابێت وەتا دوا ڕۆژی ژیانی لەسلێمانی لەوحوجرەی ئەو مزگەوتە ژیاوە، دوای ڕووخانی میرنشینی بابان شاری سلیمانی جێ هێشتووە و ڕێگای حەجی گرتۆتە بەر لە دواییدا گەڕاوەتەوە شام ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە دوای ئەوەی وەڵامی نامە شیعرییەکەی لە(سالم)ی شاعیرەوە پێ دەگات و بۆی دەردەکەوێت شاری سلیمانی باروو دۆخەکەی پەرێشان و شپرزەیە. شام جێ دەهێڵێت و دەگاتە ئەستەنبۆڵ لەوێش ژیان بەسەر دەبات تاکو ساڵی ١٨٥٦م. لەئاوارەیی کۆچی دوایی دەکات.

***شیعرەکانی نالی لەڕووی روخسارەوە**

نالی بە دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری کرمانجی خواروو دادەنرێت، یەکەم شاعیرە کە بەم دیالێکتە شیعری داناوە،لەشیعرەکانیدا بەردەوامی و لاسایی کەرەوەی شیعری شاعیرە کلاسیکیەکانی رۆژهەڵات بووە، شاعیرێکی بەرز و بەتواناو لێهاتوو بووە، بەزمانێکی کوردی تێکەڵ لە چەندەها وشە و زاراوەی فارسی و عەرەبی و تورکی شیعرەکانی هۆنیوەتەوە و کێشی عەرووزی عەرەبیشی بەکار هێناوە، بەشی زۆریشیعرەکانی لە سەر کێشی هەزەج داناوە، لەویش کەمتر کێشی رەمەڵی بەکارهێناوە و هەندێ شیعریشی لە سەر دەریاکانی(رەجەز و بەسیط و طویل)داناوە. لەڕووی سەرواش یەکێتی سەروای بەکارهیناوە،پاش سەرواشی هەیە. لەڕووی قالبی شیعریش زۆربەی شیعرەکانی غەزەلن و چامەکانی لەپەنجەی دەست تێ ناپەڕێ، هەروەها( تاك، ملمع و موستەزاد)یشی هەیە. نالی هەردێڕە شیعرێکی لەمانادا سەربەخۆن، زنجیرەی بیری بەیەکەوە بیستراوی کەمە وە هەر دێرە شیعرێکی دەشێ ببێتە وتەیەکی جوان، یان قسەیەکی نستەق، یان وێنەیەکی دڵگیر، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێ لە غەزەلەکانی بەتایبەتیش لە هەندێ چامەکانی هەست بەزنجیرەی بیر، واتە بەسەرهاتوو گێڕانەوەی ڕووداو دەکرێت، ڕووداوەکان بەیەکتری دەبەستێتەوە،هەندێك جاریش دێڕە شیعر دەکاتە چوار کەرت، واتە هەر نیوە دێڕێك دەکاتە دوو کەرت؛ دوای هەموو کەرتەکان وەستانیان تێدا دەبێت وە لەسەر یەك سەروا دەبێت. واتە هەر نیوە دێڕێك دوو سەروای دەبێت. هەروەها نالی بایەخێکی زۆری بەرازاندنەوە و هەڵبژاردنی وشە داوە. لە بەکارهێنانی هونەرەکانی رەوانبێژیشدا وەستاو داهێنەر بووە.

ئامانجی نالی لە هونەری شیعردا ئەوە بوو، هەرچی هەیە و هەرچی هەستی پێ دەکرد بە زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی خواروو تۆماری بکات، بەم جۆرە یەکەم شاعیر بوو لەکوردستانی باشور، کە ئەم زمانە کوردییە بکاتە زمانێکی شیعری بەرز و باڵا. نالی زمانی نەتەوەکانی دراوسێی کوردی باش زانیوە و بەکارهێنانی وشەی بێگانە لەشیعرەکانیدا لەبەر ئەوە نەبووە، کە لەزمانی کوردیدا بەرامبەرەکەیان نەبووە؛ بەڵکو بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئەم وشانە وشەی فەرهەنگی شیعر بوون، وەبەکارهێنانیان بۆ خوێندەواری کورد بێگانە نەبوو.وا لە شیعرەکانی نالی دەخوێندرێتەوە،کە چێژێکی ئەوتۆی لەزمانی عەرەبی وەرنەگرتووە، ئەگەرچی هەندێ وشە و رستەی لەشیعرەکاندیدا بەکارهێناوە و تێهەڵکێشی شیعرەکانی خۆی کردووە، بەڵام ئەم دەستەواژانە بێ هێزن، هەروەها شیعرە فارسیەکانیشی کەمن و هیچ شیعرێکی تورکیشی نییە. تەنیا ئەوە نەبێت لە یەك دوو شیعردا وشەی تورکی بەکارهێناوە،واتە نالی هەموو بیر و هزر و هێزی شاعیری خۆی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی شیعری کوردی بەکارهێناوە، هەرئەم هۆکارانەش بووە، کە بۆ تە مایەی ئەوەی بەشاعیرێکی گەورەی کورد بناسرێت.

-نموونەی شیعری بۆ زمانی شیعری لە شیعرەکانی (نالی)دا:
پەچەی پەرچەمی و پرچی سیا        هەردەڵێی مانگە شەوە کوڵمی تیا
لادە دەسرۆکەی هەوریی لە جەبین  دەرکەوێ شەمس و قەمر نور وضیا
کێوی تۆ ئاوی بەقا من خذرم        غەیضی تۆ رەحمەت و من سەوزەگیا
فەرشی بەری پێتە نەرگس              سەری داخستووە وەك ئاوی حەیا
٢- کێشي شیعری: نالی لە شیعرەکانیدا کێشی عەرووزی عەرەبی بەکارهێناوە، وەکو دەڵێت:
**سەودا سەرەکەی زولفت ئەزهاری لەکن پەشمە**
**دوور لەو گوڵە بێ خارەی گوڵزاری لەکن پەشمە**
سەو \دا \سە \\رە \کەی \زول \فت \\ئەز \ها \ری \\لە \کن \پە ش\مە
_ _ u _ _ _ u \\ u _ _ \\ _ _ _ u \\
مفعول        مفاعیلن        مفعول        مفاعیلن
دوور \لەو \ گو \\ڵە \بێ \خا \رەی \\ گوڵ \ زا \ری \\ لە \ کن \ پەش \مە
_ _ u \\ _ _ _ u _ \\ _ _ u \\ _ _ _ u \\
مفعول        مفاعیلن        مفعول        مفاعیلن

-هونەرەكانی ڕەوانبێژی:
نالی لە شیعرەكانیدا هونەرەكانی ڕەوانبێژی بەكارهێناوە، وەكو دەڵێت:
خەتات فەرموو كە خوشە چین و ماچین
كە ناچین لێرە خوشە چنینی ماچین
برۆت هەرچین و پەرچەم چین لەسەر چین
ئەمەندە چین قوربان پێم بڵێ چین
٤-پاش سەروا:
ئەو وشەیەیە لەكۆتایی شیعرەكە بەبێ گۆڕان دووبارە دەبێتەوە، وەكودەڵێت:
**خاوبێ خاوی دوو چاوی خاوم ئەز      چاوە چاوی یەك غەزالە چاوم ئەز**
**گەرنییە ئاور لەسینەمدا بەتاو        بۆچ لەبەر قوڵ قوڵ غەریقی ئاوم ئەز**
**ناری سینەم گەر نەبێ غەرقم ئەمن  ئاوی چاوم گەر نەبێ سووتاوم ئەز**
**غەیری زولفی تۆ كەریشەی عومرمە    دەست لە مافیهای زەمان بریاوم ئەز**
٥-موستەزاد:لەم جۆرە هۆنراوەیەدا، كە بەشێكی سەرەكی و بەشێكی كورتی بەرامبەری پێك دێت،بەشە سەرەكیەكە لەنێو خۆیاندا هاوكێش و هاوسەروان، لەتە زیادەكانیش سەرواو كێشی خۆیان هەیە. وەكو نالی، دەڵێت:
ئەی تازە جەوان پیرم و ئوفتادە كەوتووم      تاماوە حەیاتم
دەستێ بدەرە دەستی شكستەم بەسەرچووم    قوربانی وەفاتم
تۆ یوسفی نەو حوسنی لەسەرمثلی جینانی     من پیرم و فانی
لەم كوڵبەی ئەحزانە نەزیندووم و نەمردووم   هەروا بەتەماتم

-تاك: ئەودێڕە شیعرەیە،کە شاعیر هەست و سۆزی خۆی تیادا دەردەبڕێت،جا یان ئەوەتا نەیتوانیوە بگەڕێتەوە سەری تەواوی بکات، یان هەرئەوەندەی بۆهاتووە و نووسیویەتی، وەکو نالی دەڵێت:

من مەدحی کاک احمد ئەکەم ئەو شاهی ماه جام بەنام

ئەولییای عەسری هیلالی ئەو وەکو ماهی تەمام

## شیعرەکانی نالی لەڕووی ناوەڕۆکەوە

لەڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرەکانی نالی لەمەبەستەکانی دڵداری ، ئایینی، نیشتمان پەروەری، ستایش، شانازی، کۆمەڵایەتی و وەصف پێکهاتووە.

١-شانازی: شانازی کردن بە خەڵکی تر هونەرێکە لە مەبەستە گرنگەکانی شیعری کلاسیکی کوردی. شیعری شانازی لای شاعیران لە خۆیەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە باب و باپیرو هۆزو میللەت و هەندێ جاریش خۆهەڵکێشانیشی تێدایە، بەڵام نالی لە رێچکەی شاعیرانی دیکە لەم مەبەستەدا چۆتەدەر، کە تەنیا شانازی بەخۆی کردووە لە خۆشی شانازی بەوەکردووە کە شاعیرێکی چاك و مەزنە، وەکو لەم شیعرەدا دەڵێت:

**فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە**

**نالی ئەمرۆ حاکمی سێ مولکە دیوانی هەیە**

یان لە دێڕێکی تردا نالی، دەڵێت:

**خەلقی کەهەموو کودەکن و بەستە زمانن**

**بابێن و لەنالی ببیەن شیعری سەلیقی**

نالی خۆی بەمامۆستایەکی گەورە دادەنێت، ئەوە دەردەخات کە هەرچی قسەی جوان هەیە لەلای ئەوەو نووسراون، کەسی بەرامبەر توانای ئەو نووسین و قسەکردنەیان نییە.

٢- شیعری کۆمەڵایەتی: نالی دژی ئەو دەروێشانەبووە، کە بۆ کات کوشتن زیکر و تەهلیلەو های و هو یان حاڵ گرتن کات دەبەنە سەر و دینیان بەشێوەیەکی وشك و هەڵە وەرگرتووە. وەکو لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێت:

**ریشەکەی پان و درێژە بۆ ریا خزمەت دەکا**

**زاهیرە هەرکەس لە طول و عەرزی ریشیدا ریا**

-شیعری ستایش:پیاهەڵدان بەکەسێك یان سەرکردەیەك بەرامبەر وەرگرتنی پاداشت لەوانەیە ئەو کۆمەڵە سیفاتەی تێدانەبێ کە پیایدا هەڵدەدات واتە راستگۆیی تیادا کەمترە، چونکە بۆکار ڕاهی کردنی خۆیەتی و بەس.وەکو لەم شیعرەدا نالی دەڵێت:

**تافەلەك دەوری نەدا سەد کەوکەبی ئاوانەبوو**

**کەوکەبی میهری موبارەك طەلعەتی پەیدانەبوو**

**تانەگریا ئاسمان و تەم وڵاتی دانەگرت**

**گوڵ چەمەن ئاوا نەبوو هەم لێوی غونچە وانەبوو**

**تا چەمەن پیرا لەسەر ئەصڵی درەختا لانەدا**

**فەرعی تازە خوڕەم بەرزی بڵند باڵا نەبوو**

**تاسولەیمانان نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت**

**احمدی موختاری ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو**

**٣-شیعری وەسف**: جوانی سروشتی کوردستان هەوێنێکی گرنگی شیعری نالییە ئەم سرووشتە دەوڵەمەند و دڵگیرەی کوردستان بۆتە هۆی ئەوەی نالی هەندێ لەدیاردە تایبەتیەکانی کوردستان لەشیعرەکانیدا بەکار بهێنێت. وەکودەڵێت:

**گوڵ تاجی لەسەر ناوە چەمەن مەخمەلی پۆشی  هات موژدە کەخیلعەت گەییە بەر موباهات**

**٤-شیعری ئایینی**: ئەم جۆرە شیعرەیەکە باس لە خودا و پێغەمبەران و ئاینی ئیسلام دەکات بەگشتی.وەکو لەم شیعرەدا دەڵێت:

**وەی کە ڕوو زەردی مەدینەو ڕوسیاهی مەککە خۆم  دەرکراو و دەربەدەر یارەب دەخیلی عەفوی تۆم**

**دەفتەری ئەعمالی من بێ قەطرەیەکی رەحمەتت  کەی بەصەد زەم زەم سیاهی نوقطەیەکی لێ دەشۆم**

## ژیان تێکۆشانە، تێکۆشانیش بۆ بەدی هێنانی ئاواتەکانە

# بەهیوای سەرکەوتن بۆ هەمووان